# لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی سەبارەت
# بە هەڵبەستی هۆرمزگان



ئەشکەوتی هەزار مێرد لە نزیکی گوندی جێشانە لە نزیکی سلێمانی

**فازڵ ئوسوڵیان**

**سوید ٢٠٢٤**

# پێشەکی

ئەوە ماوەی سەدەیەک لە هەواڵی دۆزینەوەی ئەو پارچە هەڵبەستە کە بە نێوی هۆرمزگان ناوبانگی دەرکردووە تێ دەپەڕێ. ئەم هەڵبەستە بە زمانی هەورامی (گۆرانی) و بە خەتی پەهلەوی لەسەر پارچە پێستێک نووسراوە. لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر نووسەر و لێکۆڵەری کورد، ئێرانی و هەروەها بیانی ئەم هەڵبەستەیان لە کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە. هەتا ئێستا سێ وەرگێڕانی سەربەخۆ لە لایەن سێ مامۆستاوە بۆ ئەم دەقە کراوە کە دواجار هەر لێرەدا باسیان لێ دەکرێت.

ناوەڕۆکی هەڵبەستەکە و هەروەها شێوەی زمانەکەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم هەڵبەستە دەبێ هین سەدەی یەکەمی کۆچی بێت. ئەوەی کە جێگای سرنجە هەر بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەڵبەستەدا لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕۆشنبیری کوردستاندا دوو بەرەی لایەنگران و هەروەها دژبەرانی لێ پەیدا بوون. لایەنگرانی ئەم هەڵبەستە بە هۆنراوەیەکی ڕاست و ڕەسەن دەزانن کە ڕووداوەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی و هێرشی عەرەبان بۆ سەر کوردستان وێنا دەکات. بەڵام دژبەرانی ئەم هەڵبەستە بە دروستکراو دەزانن و بڵاوکەرەوەکانی بە ساختەچی تۆمەتبار دەکەن. هەڵبەستی هۆرمزگان ئێستاش لە پاش ئەم ماوە درێژە هەر گەنگەشەی لەسەرە و لێرە و لەوێ بە تایبەت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت.

دژبەرانی ئەم هەڵبەستە لە چین و گرۆ جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگان و خاوەنی بۆچوونی جیاوازیشن. سێ هۆکاری سەرەکی هەن بۆ دژایەتیکردن بەرانبەر بەم هەڵبەستە:

١- ناوەڕۆکی هەڵبەستەکە، کە هەر چەند وێنایەکی ڕاستەقینە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا وێنایەکی تاڵ و دڵتەزێنە کە دەبێتە هۆی برینداکردنی هەستی ئەو بەشەی لە خەڵک کە دەمارگرژی ئایینیان تێدا بەهێزە، هەر وەک ئەوەی کە لە هەڵبەستەکەدا دەڵێت: زۆرکاری عەرەب خاپووریان کرد، مێردی ئازایان کوشت، ژن و کچانیان بە دیلی برد و . . .

٢- د. سەعیدخانی کوردستانی ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمین جار هەواڵی بڵاوبوونەوەی ئەم هەڵبەستەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵاتی نزیک (the near east) بڵاو کردووەتەوە و دواجاریش بۆ

خـۆی یارمەتیـدەر بـووە لە وەرگێڕانـی هەڵبەسـتەکەدا، مەلایەکـی لە دیـن وەرگەڕاو بـوو. ئەو کاتێک کە هێشتا فەقێیەکی جەوان بوو دەستی لە موسـڵمانیەتی هەڵگرتبـوو و چووبـووە سـەر ئـاینی مەسـیحی و هەر بەو بۆنەشـەوە لە شـاری خـۆی "سـنە" شـاربەدەر کرابـوو. جـا بـۆیە خەڵکێکی زۆر دژایەتیان دەکرد و ئەم هۆنراوەیشـیان بە سـاختەکاری لە لایەن ئەوەوە دەزانـی بۆ دوژمنایەتیکردن و پیشاندانی وێنەیەکی خراپ لە ئیسلام.

٣- سەرەکیترین هۆکار کە دەتوانین بڵێین لە هەمووی گرینگترە، ئەمەیە کە هەتا ئێسـتاش دەقە ڕەسەنەکەی ئەم نووسراوەیە کە گوایی لەسەر پێستی ئاسـک نـووسراوەتەوە دیـار نیـیە و کەس نازانێ لە لای کـێ و لە کـام شـوێن هەڵگیـراوە. ئەمە پرسـیارێکە کە نە تەنیـا دژبەران بەڵکـوو بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی ئەم هەڵبەستەیشی تووشی گومان و دوودڵی کردووە. ئەگەرچـی بە هۆی نادیاریبوونی ئەم پێستەوە ناکرێت بەوردی ڕەسەنایەتی و تەمەنی دیاری بکردرێت، بەڵام دیسـان بەم حاڵەشـەوە دەکرێـت بە لێکـۆڵینەوەیەکی وردی زمـانەوانی تـا ڕادەیەکـی زۆر ڕەسەنایەتی و دێرینەبوونی دەقەکە دەستنیشان بکرێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، بە کورتی لێکۆڵینەوە دەکرێت لەو سـێ وەرگێـڕانە سـەربەخۆیە کە هەتا ئێستا لەبەر دەستدایە، و تێ دەکۆشرێت کە بەوردی جیاوازییەکانیان نیشان بدرێت.

لە بەشی دووەمدا، لە پاش ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بە خەتی پەهـلەوی ئەمجـا ئەو ڕەخنە و نووسراوانەی کە لە بارەی سـاختەبوونی هەڵبەسـتی هۆرمزگـانەوە هەیە دەیـدەنە بەر باس و هەڵسەنگاندن.

لە بەشی سێیەمدا، دەنگنووسی و وەرگێڕانێکی تر لەم دەقە بەپێی خوێندنەوەی نووسـەری ئەم وتارە پێشکەش دەکرێت.

**پەیوەستنامە:** لەبەر ئەو شوێن و کـاریگەرییە کە دوکتـور سـەعیدی کوردسـتانی لە ناسـاندن و وەرگێڕانی هەڵبەستەکەدا هەیبـووە، و هەروەهـا لەبەر ئەوەی کە دواتـریش گەلێـک ڕەخـنە و تۆمەت ئاراستەی کراوە، بە پێویستم زانی کە کورتەیەک لەسەر ژیان و چالاکییەکانی د. سەعید وکوو پەیوستنامەیەک لە پاش وتارەکە بۆ ناساندنی بە خوێنەران بڵاو بێتەوە.

(وێنەی ئەشکەوتی هەزار مێرد لە لاپەڕەی یەکەمدا، لە دیواری فەیسبووکی "زانستی جوگرافیـا" وەرگیراوە).

# بەشی یەکەم

## چاوخشاندنێک بە دەنگنووسی و وەرگێڕانەکانی هەڵبەستی هۆرمزگان:

گوایی سەدەیەک لەمەوبەر کاتێک کە د. سەعیدی کوردستانی لە لەندەن بووە، ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵاتی نزیک"، وتارێک لەگەڵ وێنەی پارچە چەرمێکی کۆن لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاو کردوەتەوە کە لەوەێدا باس لە جەوانێکی ئینگلیزی کردووە کە کاتێ لە سلێمانی بووە ئەو پارچە چەرمەی لە کرێکارێکی کورد کڕیوە. نووسراوەی سەر ئەم پارچە چەرمە هۆنراوەیەک بووە بە خەتی پەهلەوی کە ئێستا وەک هەڵبەستی هۆرمزگان ناوبانگی دەرکردووە. د. سەعید چەند نوسخەیەک لەم ڕۆژنامەیە دەکڕێ و لە گەڕانەوەیدا لەگەڵ خۆی دێهێنێتەوە بۆ ئێران. لە نووسراوەکانی موحەمەد تەقی بەهار (ملک الشعرای بهار) شاعێر و نووسەری گەورەی ئێرانی و ڕەشیدی یاسەمی (رشید یاسمی) نووسەر و مێژوونووسی کورد، وا دەر دەکەوێت کە لانیکەم ئەم دوو کەسە ئەو ڕۆژنامەیان بەدەست گەیشتووە.

جاری یەکەم د. سەعید کوردستانی لە ساڵی ۱۳۰۹ هەتاویدا لە پێشەکی کتێبی "نەزانی" باسی ئەم هەڵبەستە دەکات و دەڵێت:

"ڕاستەوخۆ هەڵبەستێک هین سەردەمی ساسانییەکان لە دەستدا نەبوو هەتا ئەم دواییانە کە پارچە چەرمێک لە سلێمانی بە خەتی پەهلەوی دۆزراوەتەوە، کە چەند دێڕ هۆنراوەیە کە لەوە دەچێ پاشماوەی شین و لاواندنەوەی کوردان بێت کە بە زمانی مادی خۆیان نووسیویانەتەوە، (کُردستانی ۱۳۰۹:ط) "[1].

[1] شاهو عبدی (۲۰۱۸). هورمزگان ڕمان ئاتەران کوژان، هایا، وەرزنامەی فەرهەنگی، ژمارەی ۲۱و۲۲، ص ۲.

## وەرگێڕانی یەکەمی هەڵبەستی هۆرمزگان:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهار (ملک الشعرای بهار) دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی هەڵبەستی هۆرمزگان، بۆیە پێویستە کە زانیارێکی کورت بۆ ناساندنی بدرێت بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لەوانەیە زانیارییان لەسەری نەبێت. بەهار (محمد تقی بهار) لە نێوان ساڵەکانی ١٢٦٥-١٣٣٠ هەتاوی ( ١٨٨٦- ١٩٥١ز) ژیاوە، نازناوی (ملک الشعرا)یە. یەکێ لە گەورەترین نووسەران و زانایان ئێرانە لە سەدەی ڕابردوودا. ئەو شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر و مێژوونووس و لە هەمان کاتدا سیاسەتمەدارێکی زیرەک و بەتوانا بووە. بەهار لەگەڵ ڕەشید یاسمی و ئەحمەدی کەسرەوی لە پۆلی زمانی پەهلەویدا کە لە لایەن هێرتسفێلدوە بەڕیوە دەچوو بەشداری کرد و توانی شارەزاییەکی باش لەسەر خەت و زمانی پەهلەوی پەیدا بکات، بەجۆرێ کە دواجار خۆی وەک مامۆستا و وەرگێڕ چەندین کتێبی لە پەهلەوییەوە وەرگێڕاندەوە سەر زمانی فارسی لەوانە: یادگاری زەرێران، درەختی ئاسووریگ و چەندین دەقی دیکە وەک گوزارەشی شەترنگ، سروودی کەرکووی، داستانی ڕیزەکی خۆش ئارەزو، ئەندەرزی خەسرو کواتان، ئەندەرزی بهزاد فروخ فیروز و . . .

هەفت ساڵ لە پاش بلاوبوونەوەی هەواڵی هەڵبەستی هۆرمزگان بە خەتی پەهلەوی، لە ساڵی ١٣١٦ هەتاوی (١٩٣٧ ز) ئەم دەقە بە دەنگنووسی لە لایەن بەهارەوە (بە ئەلفوبێ فارسی) و وەرگێڕانی بۆ فارسی لە لایەن د. سەعیدی کوردستانییەوە لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (شعر در ایران) لە پێنجەمین ژمارەی گۆڤاری "مهر" لە لایەن بەهارەوە بڵاو کرایەوە (١٣١٦: ٤٢٢-٤٢٧).

لە گوتارەکەی بەهار لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەڵبەستەکەدا وا دیارە کە دەنگۆی ساختەبوونی ئەم دەقە و هەروەها کەشی دژایەتی لە دژی د. سەعید یەگجار توند بووە، بەڵام بەمەیشەوە بەهار هۆکارێک نابینێت بۆ گومان لێ کردن و بڵاو نەکردنەوەی، بۆیە وەها دەنووسێت:[2]

---

[2] دەقی نووسراوەی فارسییەکەی وەهایە: "این اشعار گویند بخط پهلوی و بر پوست آهو نوشته بوده است و کسی که آنرا بدست آورده بود، برای روزنامه شرق نزدیک فرستاد و در آنجا منتشر گردید ولی اینجانب **نسخه آنرا** از استاد دانشمند آقای دکتر سعید خان کُردستانی بدست آورد و **ترجمه آن هم** از طرف جناب ایشان شد و ماعینا صورتی که معزی الیه برای ما فرستاد اینجا درج می کنیم". (ملک الشعرا بهار، مجله مهر شماره ٥، شعر در ایران، ص ٤٢٢-٤٢٧ سال ١٣١٦).

دەڵێن ئەم هەڵبەستە بە خەتی پەهلەوی و لەسەر پێستی ئاسک نووسراوەتەوە، ئەو کەسەی وا کەوتووەتە دەستی ناردویەتی بۆ ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵاتی نزیک" و لەوێ بڵاو بووەتەوە، بەڵام من یەک نوسخەم(نسخە) لە مامۆستای زانا ئاغای دوکتور سەعید خانی کوردستانی بەدەستم هێنا و وەرگێڕانەکەشی هەر لە لایەن جەنابیانەوە کراوە و ئێمە هەر وەکوو ئەوەی کە بەڕێزیان بۆمانی ناردووە لێرە چاپی دەکەین (بهار، ١٣١٦: ٤٢٢-٤٢٧).

لێرەدا دوو خاڵی گرێنگ جێگای سرنجە:

- لە نووسراوەکەی "بەهار"دا زۆر بە ڕوونی دیارە کە ئەو دوو شتی لە د. سەعید وەرگرتووە، یەکەم نوسخەیەک لە ڕۆژنامەکە کە پێشتر وەری گرتووە و دووەم وەرگێڕانەکەی. کە وابوو لێرە دەردەکەوێ کە ئەوەی کە لە ڕۆژنامەکەدا بووە وەرگێڕانەکەی نەبووە بەڵکوو وێنەی پێستەنووسەکە بووە.
- خاڵی دووەم ئەوەیە کە دوکتور سەعید خەتی پەهلەوی نەزانیوە ( نە بۆ خۆی شتێکی وای وتووە نە کەسیش باسی ئەوەی کردووە)، لە کاتێکدا بەهار شارەزاییەکی تەواوی لە خەت و زمانی پەهلەویدا هەبووە و پێشتر چەندین کتێبی لە پەهلەوییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی و بڵاوی کردبووەوە. بۆیە وا دیارە کە دەنگنووسی (آوانویسی) دەقی هۆرمزگان لە لایەن خۆدی "بەهار"ەوە کراوە، بەڵام چونکە زمانی دەقەکە بۆی گران بووە و لە وشە هەورامییەکانی تێ نەگەیشتووە هەر بۆیەش داوای لە دوکتور سەعید کردووە کە وەرگێڕانی فارسی بۆ دەقەکە بکات.
بەهار زۆر بەڕوونی دەڵێت کە وەرگێڕانەکەی لە لایەن د. سەعیدەوە کراوە ئیتر هیچ ئاماژەیەک بە دەنگنووسییەکەی ناکات. چونکە بۆ ئەوەی دەقێکی پەهلەوی وەربگێڕدەرێتەوە، پێش لە هەموو شتێک دەبێ دەقەکە بخوێندرێتەوە و دەنگنووسی بۆ بکردرێت کە دیارە پێویستی بە کەسێکە کە شارەزایی لە خەت و زمانی پەهلەویدا هەبێت. بێجگە لەمە هەر وەک دواجاریش ڕوون دەبێتەوە، وەرگێڕانەکەی د. سەعید لەگەڵ دەنگنووسییەکەدا یەکسان نییە و یەک ناگرێتەوە، و ئەمەش نیشان دەدات کە ئەو کەسەی کە دەقەکەی وەرگێڕاوەتەوە هەر هەمان کەس نییە کە دەنگنووسی بۆ دەقەکە کردووە.

بەهار لە درێژەی نووسراوەکەیدا وەها دەنووسێ:

"ئەگەر کەسێک بە ئەنقەست وەها پارچە شێعرێکی لەم نزیکانەدا ساختە نەکردبێت و قسەی ئەو کەسەی کە دۆزیویەتەوە ڕاست بێ (**کە هیچ بەڵگەیەکیشمان بۆ درۆبوونی قسەکانی ئەو لە دەستدا نییە**) دەبێ بێژین کە ئەم هەڵبەستە کۆنترین شیعری کوردی و یەکی لە بەنرخترین هەڵبەستەکانی هێجایی بەشی زمانی ئێرانییە"[3]

لێرەشدا زۆر بەڕوونی دیارە کە قسە لەسەر هەبوون یان نەبوونی خۆدی ئەم "پێستەنووسە" نییە بەڵکوو بەهار لە ژێر کاریگەری ئەو کەشە نالەبار و دوژمنانەیە کە لە دژی د. سەعید و ئەم پێستەنووسە بووە، دەڵێت کە ئەگەر کەسێک ئەم نووسراوەیە ساختە نەکردبیت و لەم نزیکانەدا ئەمەی لەسەر پێستەکە نەنووسیبێت و ئەگەر قسەی ئەو کەسەی کە دۆزیویەتەوە (جەوانی ئینگلیزی) ڕاست بێت، و دوایش بۆ خۆی دەڵێت کە: "هیچ بەڵگەیەکمان بۆ درۆبوونی قسەکانی لەبەر دەستدا نییە".

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵین کە بەهار کەسێکی ناشارەزا و نووسەرێکی تازەکار نەبوو، ئەو هەڵبستوان، نووسەر، مێژوونووس، زمانناس و پەهلەویزان بوو. بێگومان ئەگەر ئەو دەقە پەهلەوییەکەی نەدیبایت و یان بچووکترین گومانی لە ساختەبوونی هەبووایت هەرگیز ئەو دەقەی بڵاو نەدەکردەوە. ئەو شێوەی ناو هێنانی د. سەعید و ڕێز لێ گرتنی وەک دەڵێت "مامۆستای زانا ئاغای د. سەعیدخانی کوردستانی (استاد دانشمند آقای دکتر سعید خان کُردستانی)" بە جۆرێک دەیەوی پێشان بدات کە ئەو باوڕی پێیەتی و جێگای ڕێزە لای.

### دەنگنووسی هەڵبەستی هۆرمزگان لە لایەن "بەهار"وە:[4]

| | |
|---|---|
| هُرمُزگان رمان آتران کژان | هوشان شاروه گوره گوران |
| زور کره آرب کردنا خاپور | گنانی پاله بشی شارەزور |
| ژن و کنیکا و دیل بشینا | مرد آزا تلی ژ روی هوینا |
| روش زردوشترماننه و بی دس | بزیکا نیکا هورمز و هویچ کس |

---

3 ملک الشعرا بهار، مجله مهر شماره ٥، شعر در ایران، ص ٤٢٢-٤٢٧ سال ١٣١٦.

4 همان.

**وەرگێڕان لە لایەن دوکتور سەعیدی کوردستانیەوە:**[5]

پرستشگاه های هُرمُزدی ویران شد و آذران کشته گشت
خود را پنهان ساختند بزرگ و بزرگان

تازی زورکار و زورگوی ویران ساخت
شهرهای پهله را تا بروی شهرزور

زنها و دوشیزگان به اسیر رفتند
آزاد مردان در خون غلتیدند

روش زرتشتر بی دستیار مانده
اهورامزدا به هیچ کس رحم نمی کند

دەنگنووسی و وەرگێڕانی نووسراوەکانی پەهلەوی گیر و گرفتی خۆی هەیە کە دواجار ئاماژەیان پێی دەکەم. لەم دەنگنووسی و وەرگێڕانەشدا چەند هەڵەیەکی تێدایە کە پێویستە لێرە ڕوون بکرێتەوە:

١- لە دێڕی یەکەم باڵی دووەم (مصرعی دووەم)، لە دەنگنووسی بەهاردا وشەی" گەورە گەوران (**گورە گوران**)" هاتووە، کە د. سەعیدی کوردستانی وەک (بزرگ و بزرگان) وەریگێڕاوەتەوە، کە دەنگنووسییەکەی دروست نییە و وەرگێڕانەکەشی بە وردی نەنووسراوە، چونکە لە دەقە پەهلەوییەکەیدا ئەم وشەیە وەک **"گەورە گەورەکان"** هاتووە کە ڕەنگە مەبەستی شاعێر شای شایان (پادشا) بێت و یان گەورەی پیران و مۆغانی زەردەشتی. ئەم وشەیە لە لایەن ڕەشید یاسەمی و هەروەها د. ئارەش مۆفاخێر زۆر بە دروست هەر وەک گەورەی گەورەکان دەنگنووسی بۆ کراوە و هەروایش وەریان گێڕاوەتەوە.

٢- لە دێڕی دووەم باڵی دووەم، "گنانی پالە بشی شارەزوور"، لە دەنگنووسی بەهاردا وشەی **"گنانی"** هاتووە، من سەیری دەقە پەهلەوییەکەم کرد لەوێدا وشەکە وەک "گنان"[6] هاتووە کە

---

[5] ملک الشعرا بهار، مجله مهر شماره ٥، شعر در ایران، ص ٤٢٢-٤٢٧ سال ١٣١٦.

[6] ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە گنان لە بەشی سێیەمدا دێت. وەک چۆن دەڵێن: سەربازەکان کەوتنە نێو شار (شاریان داگیر کردووە) کەوتنە ماڵێ خەڵک (ماڵی خەڵکیان داگیر کردووە)، یان دەڵێن دەوڵەت کەوت (سقوطی کرد).

دەکرێ لە هەورامیدا دوو واتا بگەیەنێت، یەکەم بە واتای "کەوتنە" کە لەم دۆخەدا "ن" دوایی وشەکە بزرۆکەیەکی دەوێت کە نیشانەی وا لە خەتی پەهلەویدا نییە، دووەم هەر بە واتای کەوتن (سقوط). بەداخەوە د. سەعید کوردستانی لە واتای ئەم وشەیە بە دروستی تێنەگەیشتووە و وشەکەی وەک "شارەکان (شهرها)" وەرگێڕاوەتەوە کە هەڵەیەکی ڕوونە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم باڵە (مصرع)ە بە هەڵە مانا بکرێتەوە. ڕەشید یاسەمیش ئەم وشەیە وەک "گنای" خوێندویەتەوە و بە واتای "دێهات (دهات)" وەریگێڕاوەتەوە کە هەم دەنگنووسییەکەی و هەم وەرگێڕانەکەی هەڵەیە. د. ئارەشی موفاخێریش وەک "گونا" دەنگنووسی بۆ کردووە و بە "دێهات (دهات)" مانای کردوەتەوە کە هەم دەنگنووسییەکەی و هەمیش وەرگێڕانەکەی هەڵەیە. (سەبارەت بە وشەی"گنان" لە بەشی سێیەمی ئەم وتارەدا بە فراوانی ڕوونی دەکەمەوە).

٣- لە دەنگنووسی دێڕی دووەمدا لە پاش "پالە" وشەی **"بشی"** هاتووە، بەم شێوەیە: "گنان پالە **بشی** شارەزوور"، وشەی **بشی** لە هەورامیدا بە واتای "بچی/ بڕۆی"یە، بەڵام ئەم وشەیە دروست نەخوێندراوەتەوە لە دەقە پەهلەوییەکەدا "بشی" نییە بەڵکوو ئەم وشەیە وەک **"هەتا"** هاتووە. ڕەشید یاسمی و هەروەها ئارەشی موفاخێریش زۆر بە دروستی وەک "هەتا (هتا)" خوێندویانەتەوە. د. سەعیدیش هەر بەپێی ئەو دەنگنووسییە هەڵەیە کە بەهار نووسیویەتی وشەکەی وەک "بڕۆی/ بچی (بروی= فارسی)" وەرگێڕاوەتەوە کە دیارە هەڵەیە.

٤- لە دێڕی سێیەم باڵی دووەمدا "مرد آزا تلی **ژ** روی هوینا"، ئامرازی پەیوەندی وەک **"ژ"** هاتووە، بەڵام لە دەقە پەهلەوییەکەدا پیتی **"ژ"** نییە، بەڵکوو ئەم پیتە وەک **"و"** هاتووە. لە دەنگنووسییەکانی ڕەشید یاسەمی و ئارەش موفاخێردا بە دروست وەک **"و"** نووسراون.

٥- لە دێڕی چوارمدا یەکەمین وشە، لە دەقە پەهلەوییەکەدا وەک **"روشت"** هاتووە. بەڵام ئەم وشەیە لە دەنگنووسییەکەی بەهاردا وەک **"روش"** نووسراوە (لەبەر ئەوەی بەهار زمانی کوردی نەزانیوە، پێی وابووە کە پیتی **"ت"** زیادییە و نووسەری پەهلەوییەکە هەڵەی کردووە، بۆیە هەر وەک "روش"ی فارسی خوێندویەتەوە). لە کاتێکدا ئەم وشەیە "ناوی چاوگ"ە لە زمانی کوردیدا و هەر بەم شێوەی بەکار دێت، (لە بەشی سێیەمدا ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەوە دێت). ئەم وشەیە لە دەنگنووسییەکانی ڕەشید یاسەمی و ئارەش موفاخێردا بە دروست وەک **"روشت"** هاتووە.

٦- له دێڕی چوارم باڵی یەکەمدا، بەهار وشەی زەڕدەشتی وەک "**زردوشتر**" دەنگنووسی بۆ کردووە، لە کاتێکدا لە دەقە پەهلەوییەکەدا زۆر بە ڕوونی بە شێوەی "**زرتوشترا/ زرتوشترە**" هاتووە، (دوو پیتی "ا" و "ە" لە پەهلەویدا بە یک نیشانە وەک (**ـس**) دەنووسرێت).

لێرەدا دوو خاڵمان بۆ دەردەکەوێ:

یەکەم: خوێندنەوە و دەنگنووسی وشەی "گەورە گەورەکان (گورە گورەکان)" بەو جۆرەیە کە لە دەقە پەهلەوییەکەدا هاتووە بە شێوەی (گورە گوران) و هەروەها وشەی "روش" لە باتی "ڕۆشت" نیشانی دەدەن کە ئەو کەسەی وا دەنگنووسییەکەی کردووە زمانی کوردی نەزانیوە.

دووەم: ئەگەر ئێمە وا گریمانە بکەین کە د. سەعید ئەم دەقە شێعرەی نووسیوە، ئەی بۆ دەنگنووسییەکەی لەگەڵ دەقەکەدا یەک ناگرێتەوە؟ ئەی ئەمە چۆنە کە لە دەقەکە پەهلەوییەکەدا "گەورە گەورەکان" هاتووە، بەڵام لە دەنگنووسییەکەدا وەک "گەورە گەوران" نووسراوە. هەروەها لە دەقەکەدا "**هەتا (هتا)**" نووسراوە بەڵام لە دەنگنووسیدا وەک "**بشی**" هاتووە و وەرگێڕدراوەتەوە. دیسانەوە لە دەقە پەهلەوییەکەدا نووسراوە "**گنان**" بەڵام وەک "شارەکان (شەهر ها)" مانا کراوەتەوە، لە دەقە پەهلەوییەکەدا نووسراوە "**و**" بەڵام لە دەنگنووسی و لە وەرگێراندا وەک "ژ"ێ هاتووە.

ئەم هەڵەگەلە لە دەنگنووسی و لە مانا کردنەوەدا دەتوانێن بەڵگە بن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە د. سەعید نە تەنیا لە دەقە پەهلەوییەکە هیچی نەزانیوە بەڵکوو تەنانەت لە وەرگێڕانی ئەو دەنگنووسییەش کە بەهار کردویەتی زۆر سەرکەوتوو نەبووە. کە وابوو لە مەنتێق بەدوورە کە د. سەعید بکەین بە خاوانی ئەم شیعرە و بڵێن کە ئەو نووسیویەتی.

## وەرگێڕانی دووەم:

دووهەمین وەرگێڕان لە لایەن "ڕەشید یاسەمی"یەوە بووە. ڕەشید یاسەمی لە نێوان ساڵەکانی ١٢٧٥-١٣٣٠ هەتاوی ( ١٨٩٦- ١٩٥١ ز) ژیاوە. یاسەمی بۆ خۆی کورد و خەڵکی گاوارەی کرماشان بوو، بە یەکێ لە بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە دەژمێردرا بەداخەوە زوو کۆچی دوایی کرد دەنا بەرهەمی زۆر زیاتر دەبوو. ئەو شاعێر، نووسەر، مێژوونووس، زمانەوان و مامۆستای زانکۆ بوو. یاسەمی دامەزرێنەری "جەرگەی دانێشوەری" بوو لە تاراندا کە دواجار ناوەکەی گۆڕدرا و بوو بە "ئەنجومەنی دانێشکەدە". یاسەمی زمانەکانی عەرەبی، فارسی، فەرانسە، ئینگلیزی و پەهلەوی بەباشی دەزانی. ئەو خەت و زمانی پەهلەوی لای "هێرتسفێلد" فێر بوو

و توانی سێ کتێبی "ئەردەویرافنامە، ئەندەرز ئازەرمێهر و ئەندەرز ئۆشنز داناک (ارداویرافنامە، اندرز آذرمهر اسپندان و اندرز اوشنز داناک) لە پەهلەوییەوە وەرگێڕێتەوە سەر زمانی فارسی.

یاسەمی هۆنراوەی هۆرمزگانی دەنگنووسی کردووە و وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و لە ساڵی ١٣١٨ هەتاویدا لە کتێبی "کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" بڵاوی کردوەتەوە.

**دەنگنووسی هەڵبەستەکە لە لایەن ڕەشید یاسەمی:**[7]

| | |
|---|---|
| هورمزگان رمان آتران کژان | ویشان شاردەوە گورە گورکان |
| زورکار ارب کردنە خاپور | گنای پالە هتا شارەزور |
| شنو و کنیکان و دیل بشینا | میرد آزا تلی و روی هوینا |
| روشت زردوشترە مانوە بیکس | بزیکا نیکا هورمز و هیوچ کس |

**وەرگێڕانی فارسی هەڵبەستەکە لە لایەن ڕەشید یاسەمی:**[8]

| | |
|---|---|
| معبدها ویران شد آتشها خاموش | بزرگ بزرگان خود را نهان کرد |
| عرب ظالم خراب کرد | دهات را تا شهرزور |
| زنان و دختران با اسیری رفتند | دلیران در خون غلطیدند |
| کیش زردشتی بی کس ماند | آهورمزدا بر کس رحم نخواهد کرد |

چەند هەڵەیە لە دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی رەشید یاسەمیدا هەیە لەوانە:

١- هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە باڵی دووەمی دێڕی دووەمدا، وشی "گنان" کە لە دەقە پەهلەوییەکەدا هاتووە و واتای"کەوتن/ کەوتنە" دەدات، بەڵام لە لایەن یاسەمەییەوە وەک "گنای" دەنگنووسی بۆ کراوە و وەک "دێهات (دهات)" وەریگێڕاوەتەوە کە هەم دەنگنووسییەکەی و هەم وەرگێڕانەکەی هەڵەن، گنای واتای "دێهات" نادات.

٢- وشەی "پاڵە" کە لە دەنگنووسییەکەدا هاتووە، بەڵام لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا لێ سڕاوەتەوە.

---

[7] کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، رشید یاسمی، سال ١٣١٨ از نشریات مجمع ناشر کتاب، شماره ٩، ص ١١٩-١٢٠.

[8] همان.

٣- له دێڕی سێیەمدا یەکەمین وشە وەک "شنو" بە واتای ژن دەنگنووسی کراوە کە هەڵەیە و لە دەقە پەهلەویــیەکەدا هەر وەک "ژن" هــاتووە. لە دەنگنووســییەکانی بەهــار و ئــارەش موفاخێریشدا زۆر بە دروست هەر وەک "ژن" دەنگنووسی بۆ کراوە.

٤- لە دەنگنووسی و وەرگێڕانی باڵی یەکەمی دێڕی چوارمدا وەها هاتووە: "روشت زردوشتره مانوە بیکس (کیش زردشتی بی کس ماند)" وشەی "کەس (کس)" لە دەقە پەهلەوییەکەدا نییە بەڵکوو "دەس (دس)" هاتووە بە واتای یاوەر و دەستیار. لەوانەیە بە تێگەیشتنی خۆی ئەو وشەیە پێ باشتر بوویێت. بەهار و هەروەها ئارەش موفاخێریش بە دروست وەک "دەس (دس)" دەنگنووسیان بۆ کردووە و وەریان گێڕاوەتەوە.

هەر وەک دیارە هێندێک جیاوازی هەم لە دەنگنووسیدا و هەمیش لە وەرگێڕاندا لە نێوان نووسراوەکانی یاسەمی و بەهاردا هەیە. ئەم جیاوازییانە ئەوەمان پێی دەڵێن کە هەردوکیان هەم یاسەمی و هەم بەهار ئەو دەقە پەهلەوییە کە لە نوسخەکانی ڕۆژنامەی "رۆژهەڵانی نزیک"دا بڵاو بووەتەوە لەبەر دەستیاندا بووە هەر بۆیەش دوو دەنگنووسی و وەرگێڕانی سەربەخۆیان لە دەقەکە پێشکەش کردووە، کە ئەمەش بۆ خۆی کارێکی زۆر باش و بەنرخە.

## وەرگێڕانی سێیەم:

ئەم وەرگێڕانە لە لایەن د. ئارەشی ئەکبەری موفاخێر (د. آرش اکبری مفاخر) ئەنجام دراوە. ئارەش موفاخێر کورد و خەڵکی کرماشانە، دوکتورای هەیە لە بواری زمان و ئەدەبی فارسیدا. ئێستاش بریکاری (کانون فردوسی- مرکز پژوهش حماسه های ایرانی وابسته به مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی)یە لە ئێران. ئارەش موفاخێر دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی خۆی لەبەر ئەو دەقە پەهلەویە نووسیویەتەوە کە لە کتێبی "کُرد و کُردستان دکتر صدیق صفی زادە (١٣٧٨: ١٨٩-١٩٠)" هاتووە.

د. موفاخێر دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی خۆی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (سرود ورمزگان شعری به زبان گورانی از سدەی نخست هجری به خط پهلوی) لە گۆڤاری (مجله مطالعاتی ایرانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال نهم شمارەی هفدهم در بهار ١٣٨٩) بڵاو کردوەتەوە.

**دەنگنووسی هەڵبەستەکە لە لایەن د. ئارەش ئەکبەری موفاخێر :**[9]

| | | |
|---|---|---|
| 1) | Warmizgān rimān | ātirān kužān |
| 2) | wēšān šārdinā | gāwrā- gāwrākān |
| 3) | zōrkārī araw | kirdinā hāpûr |
| 4) | gunā u pālaī | hatā Šārazûr |
| 5) | žan u kanikān | wa dir bašinā |
| 6) | mērd āzā tili | wa rûy i hûinā |
| 7) | rawšt Zarduštra | mānawā bē das |
| 8) | bažēka nēkā | Warmiz wa hwēč kas |

**وەرگێڕانی هەڵبەستەکە لە لایەن ئارەش موفاخێر:**[10]

١) هُرمُز کدەها را خراب کرد، آتشان را کشت.
٢) خودشان را پنهان کردند، بزرگ بزرگان.
٣) زشت کاری عرب ویران کرد،
٤) روستا و شهر تا شهرزور
٥) زن و دختران، به اسیری رفتند،
٦) آزاد مرد غلتید، بر روی خون
٧) روش زردشت، بی یاور ماند،
٨) تکیه نکرد، اورمزد به هیچ کس

چەند تێبینییەک لەسەر دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی د. ئارەشی موفاخێر:

ئارەش موفاخێر دەنگنووسی ووەرگێرانەکەی خۆی هەر وەکوو دەقە پەهلەویـیەکە لە هەشـت باڵ (مصرع)دا لە ژێر یەکدا نووسیوە و ژمارەی ١-٨ی بۆ داناوە:

١- یەکەمین وشە لە باڵی یەکەمدا واتا وشەی هۆرمزگان لە ژێر کاریگەری دەقەکـانی کلاسـێکی "گورانی"دا وەک ورمزگان (Warmizgān) دەنگنووسی بۆ کـردووە، کە هەرچەنـد هەڵە نیـیە و

---

[9] مجله مطالعاتی ایرانی، دانشکده ادبیات، دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال نهم شمارەی هفدهم، ١٣٨٩، ص ١٤.
[10] همان، ص ٢٣.

هــیچ کــاریگەرییەکی لە وەرگێــڕانەکەدا نــابێ بەڵام لە ڕاســتیدا وشــەکە لەم دەقەدا وەک هۆرمزگان/ ئۆرمزگان "hormizgān/ōrmizgān" هاتووە. ئەم وشەیە بە پیتەکانی (٣) دەست پــێ دەکــا و هەر بەم پیتــانەش دوایــی پــێ دێــت. نیشــانە "٣" دەکــرێ بە چەنــد جــۆرە بخوێنــدرێتەوە لەوانە: "هــو، ئــۆ، هــن، ان، ئــان". ئەوەی کە زۆر ڕوونە ئەم نیشـانەیە لە پـاش وشەکە دەبـێ وەک "ان" بخوێنـدرێتەوە، بەڵام لە پـێش وشـەکە دەکـرێ هەم وەک هـۆ و هەم وەک ئۆ بخوێندرێتەوە، کە وابوو بەدەر لەوەی کە لە کوردیی گۆرانیدا چۆن وشـەکە گـۆ کـراوە یان گۆ دەکرێ، باشتر وایە هەر وەک ئەوەی کە لە دەقەکەدا هاتووە دەنگنووسی بـۆ بکەیـن و بیخوێنینەوە. ئەڵبەتە ئەوش بڵـێم کە نووسینیشـی وەک ورمزگـان هـیچ کـاریگەرییەکی لەسـەر وەرگێڕان و واتای دەقەکە نابێت.

٢- لە ڕستەی دووەمدا، دووەمین وشە "šārdinā" (شاردنا) هـاتووە بە واتـای شـاردنەوە. لەبەر ئەوەی کە پیتەکـانی پەهـلەوی دەکـرێ بە چەنـد جـۆر بخوێنـدرێتەوە، خوێنـدنەوەیەکی بەم شـیوەیە دەتـوانێ دروسـت بێـت و هـیچ کێشـەی نیـیە. هەروەهـا دەکـرێ ئەم وشـەیە وەک "šārdawa" (شاردەوە)ش بخوێندرێتەوە.

٣- لە باڵێ سێیەم وشەی دووەمدا، "عەرەب" وەک "ارو (araw)" دەنگنووسـی بـۆ کـراوە، بەڵام لە دەقە پەهلەوییەکەدا ئەم وشەی زۆر بەڕوونی وەک "ئەرب (arab)" نووسراوە.

٤- لە باڵێ چوارەم، یەکەمین وشە وەک "گونا (gunā)" دەنگنووسـی بـۆ کـراوە بە واتـای "دێ/ گوند" کە هەم دەنگنووسییەکەی هەڵەیە و هەمیش گونـا بە واتـای "دێ/ گونـد" نـیـە. بە پێـی ئەوەی کە لە دەقەکەدا هاتووە ئەم وشەیە دەکرێت بە دوو شـێوە بخوێنـدرێتەوە، یەکەم وەک "گنان" کە پێشتر واتاکەی ڕوون کرایەوە و دووەم وەک "گناو" کە هیچ واتـایەکی تـایبەتی نیـیە. ئەم وشەیە ناکرێت "گونا" بێت چونکە دوایین پیتی وشەکە (ā) نییە.

٥- لە باڵی پێنجەمدا، وشەی "دیل" وەک "دیـر" دەنگنووسـی بـۆ کـراوە. د. موفـاخێر "دیـر" بە شـێوەی دێرینـی وشـەی "دیـل" دەزانـێ، بە هـۆی یاسـای گـۆڕانی دەنگـی R بـۆ L لە زمـانە ئێرانییەکانـدا، ئەو وەک بەڵـگە چەنـد نموونەیەکیشـی هێنـاوەتەوە وەکـوو ئەمـانەی خـوارەوە: اروند (الوند)، دریا (دلیا)، فرامرز (فلامـرز)، زهـره (زالا)، بـرگ (بلـگ). هەر وەهـا بە جورێـک وشەکە دەباتەوە بـۆ سـەر وشـەی "دویـر (دُیـر)" کە شـێوازێکە لە گـۆکردنی وشـەی "دوور" لە هێندێ ناوچەکانی لای کرماشان و لۆڕستان و وای بـۆ دەچـێ کە وشـەی "دیـل" هەر دویـرە و دوای گۆڕاوە بۆ دیل.

هەر چەند گۆڕانی دەنگی R بۆ L لە زمانە ئێرانییەکان و بەتایبەتی کوردیدا حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ئەم یاسایە وشەی "دیل" ناگرێتەوە. یەکەم وشەی ""دُیر" لە زمانی کوردیدا بە واتای دوور نییە. ڕاستە کە لە هێندێ ناوچەکانی باشووری کرماشان و لۆڕستان وشەی دوور وەک "دویر" گۆ دەکەن بەڵام ئەمە گشتگیر نییە، بەتایبەتی لە دەقە کۆنەکانی یارسانیدا ئەم وشەیە هەر وەک "دوور" هاتووە. دووەم گۆڕانی دەنگی R بۆ L لە زمانی کوردیدا یاسایەکی تایبەتی خۆی پەیڕەو دەکات (بێجگە لە چەند بارێکی دەگمەن نەبیت). ئەم یاسایە بەم جۆرەیە کە ئەو "ر" گەلە وا دەگۆڕدرن بۆ "ل"، دەبن بە "ڵ"، بۆ نموونە هەموو ئەو وشەگەلە کە ئارەش موفاخێر وەک نموونە باسیانی کردووە لەم یاسایە پەیڕەوی دەکەن وەک: ئەڵوەند، دەڵیا، فڵامەرز، زاڵا، بەڵگ. بەڵام هەر وەک دەزانین "دیل" وەک دیڵ گۆ ناکرێت. ئەم وشەیە هەر لە لۆڕستانەوە هەتا دەگات سەرەوترین ناوچەکانی باکووری کوردستان هەر وەک "دیل" گۆ دەکرێت.

وشەی دیل لە دەقی پەهلەوی "یادگاری زەرێران"یشدا هاتووە، لە بەندی ٢٥ لەم دەقەدا وەها هاتووە:

§ 25 ēdōn kunēd kū didigar māh ō dar ī wištāsp šah āyēd agar nē ka āyēd, ān **d'l** abāg xweštan bē nē awarēd, anōh pad dār abar framāyēm kardan[11]

**وەرگێڕان:** وەها بکە کوو مانگی دیتر و بارەگای ویشتاسپ شا ئەیت(دێت) و ئەگەر نە کاتێ ئەیت <و> ئەو دیل لەگەڵ خۆیشتان نەهێنیت تۆیش بە دار فەرمایەم کردن (فەرمانی بەدارەوە کردنت دەدەم).

دوکتور (احمدی تفضلی) کە یەکێ لە گەورەترین مامۆستایانی زمانە کۆنەکانی ئێرانییە، لە ساڵی ١٩٧٠ز وتارێکی سەبارەت بە وشەی "دیل"ی نووسیوە و لە گۆڤاری ئاسیایی "JA."[12] بڵاوی کردوەتەوە، ئەو لەبەر ئەوەی کە وشەی "دیل" ناناسێت، بۆیە بەناچاری لەپاش ڕوونکردنەوەیەکی زۆر دواجار "دیل" بە "دار" دەزانێ و دەگاتە ئەنجامێکی هەڵە و دەڵێت:

"کە وابوو بە باوەڕی ئێمە، dār بە واتای چەکی تێخدار وەک شمشێر، خنجەر و دشنە و شتی لەم چەشنەیە.

---

[11] متون پهلوی،جاماسب آسانا، چاپ اول، چاپخانه نیلوفر، سال ١٣٧١.

[12] http://persianacademy.ir/UserFiles/File/NF/24/NF-24-18.pdf

له کاتێکدا زۆر ڕوون و ئاشکرایه که لێرەدا ویشتاسپ شا نامه بـۆ یەکـێ له سـەرۆک هۆزەکـان یان فەرماندەکانی دوژمن دەنووسێ و داوایان لێ دەکات که دەبێ کچه دیلەکانی ئـازاد بـکەن و بیانهێنن بۆ کۆشکی ئەو دەنا له داریان دەدات.

٦- له باڵی هەشتمدا، یەکەمین وشه"بزیکا"، سەبارەت بەم وشەیه د. ئارەشی موفـاخێر وەهـای نووسیوە: "له دەقەکەدا وەک "بزیکا (bazēkā)" ئەم وشەیه به واتای ڕەحم و بەزەیـی بەکـاری دەبن. ئەگەر بمانەوێ ئەم بـاڵه (مصرع) به شـێوەی: ئەهـۆرامەزدا به هـیچ کەس بەزەیـی ناکـا وەربگێڕینەوە، ئەو دەم لەگەڵ ڕێنوێنییەکان و ئامۆژگارییەکانی دینی مەزدیەسناییدا نـاگونجێ. بۆیه ئەگەری هەیه که ئەم وشەیه شێوەیه گۆڕدرواى وشەی bažēka بێـت که دەنگـی ž بـۆ z گۆڕا بووبێت، به واتای پشت پێبەستن، (آرش مفاخر، ١٣٨٩: ٢٢).

ئەم لێکدانەوەی ئارەشی موفاخێر دروست نییه. یەکەم، جارێ کێ وتـوویەتی و له کـوێ دیـارە که ئەو کەسەی وا ئەم هۆنراوەیه دانەوە زەڕدەشتییەکی باوەڕمەند بووە، مەگەر هەر کەسـێک که له وڵاتێکی ئیسـلامیدا بـژی یـان نـاوی مـوحەمەد بـێ ئیـتر موسـڵمانێکی باوەڕمەنـدە؟ ئایـا هەڵبەستەکانی عومەری خەیام هیچ جۆرە دژایەتییەکـی لەگەل باوەڕەکـان و ئامۆژگارییەکـانی ئایینی ئیسلامدا نییه؟ دووەم، ئەم شاعێرە کاتێک که ئەم هەڵبەستەی هۆنیـوەتەوە له ئەوپەڕی هێرس و تووڕەییدا بووە، ئەو بەچاوی خۆی دیتویەتی که چۆن شار و گوندەکان خاپوور کراون، مێردانی ئازا کوژراون، ژن و کنیشکان به دیلی براون و هۆرمزدیش لەو کاتەدا بەزیـی بەکەسـدا نەهات و هیچی نەکرد! ئایا نابێت ئەو گلەیەکیش لەم بێ دەسەڵاتییەی هـۆرمزد بەرانـبەر بەو هەمـوو کارەسـاته بکـات؟ سـێیەم، وەرگێـڕ دەبـێ ئەم دەقه هەر بەوجـۆرە که هەیه وەری بگێڕێتەوە نەک بەپێی بیروبۆچوونی خۆی.

٧- له باڵی هەشتمدا له پاش "بەزێکا" وشـەی "نێکـا (nēkā)" هـاتووە که کـاری ڕانەبـردووە له چاوگی "کردن" به واتای "ناکا"، بەڵام موفاخێر وەک "نەیکرد" وەریگێڕاوەتەوە که هەڵەیه.

له کۆتاییدا ئارەشی موفاخێر بەپێی ناوڕۆکی هەڵبەستەکه و شـێوە زمـانەکەی پێـی وایه که ئەم هەڵبەسته له سەدەی یەکەمی کۆچیـدا هـۆنراوەتەوە و دواجـار دەمـبەدەم پـارێزراوە هەتـا له سەدەکانی دواتردا لەسەر پێست نووسراوەتەوە.

# بەشی دووەم

## ڕەخنە و تێبینییەکان لەسەر ساختەبوونی هۆنراوەی هۆرمزگان:

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم هەڵبەستەوە هەتا ئێستا، دەنگۆی ساختەبوونی بە شێوەی جۆراوجۆر دەبیسترێت، بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لە دژی ئەم شیعرە وەک هۆنراوەیەکی ساختە و لە دژی د. سەعیدی کوردستانی وەک کەسێکی ساختەکار کە ئەم هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە و بڵاوی کردووەتەوە ناوی لێ دەبردرێت. بەشێکی زۆر لەم ڕەخنەگەلە بە شێوەی دەمبەدەم لە کۆڕ و کۆمەڵەکاندا و یان وەک گێڕانەوە کە فڵانە زانا ئەمەی وتووە و فیسارە لێکۆڵەر ئاوای وتووە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە. ئەڵبەتە بێجگە لە نووسراوەکەی "شاهۆ عەبدی" نەبێ کە بە ناونیشانی خۆیەوە وتارێکی لەم بارەوە بڵاوکردوەتەوە کە پێویستە بە تایبەتی قسەی لەسەر بکرێت، دەنا سەبارەت بە ڕەخنەکانی تر من تێ دەکۆشم کە بەبێ ئەوەی ناوی کەسێک بێنم کە بە شێوە نافەرمی لێرە و لەوێ قسەیەکی کردووە، ئەم ڕەخنەگەلە بدەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەشێکی زۆر لەم تێبینی و ڕەخنەگەلە بە هۆی ئاشنا نەبوون بە زمان و خەتی پەهلەویـیەوە هەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانم بەر لە هەر شتێک زۆر بە کورتی ڕوونکردنەوەیەک لەم بارەوە پێشکەش بکەم.

### زمان و خەتی پەهلەوی:

کاتێ قسە لەسەر خەت و زمانی پەهلەوی دەکرێت، مەبەست خەت و زمانی خەڵکانی دانیشتووی ئێرانی کۆنە لە سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا، (واتا ماوەی زیاتر لە ٨٠٠ ساڵ). بە شێوەیەکی ڕوونتر مەبەست لە زمانی پەهلەویی ئەشکانی تەنیا زمانی هۆزەکانی ئەشکانی نییە، بەڵکوو مەبەست زمانی خەڵکانی دانیشتووی ئێرانی کۆنە لەو سەردەمەدا. هەروەها مەبەست لە زمانی پەهلەویی ساسانی، زمانی ئەو خەڵکانەی کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا قسەیان پێکردووە. کە وابوو لە دەقەکانی پەهلەویدا هێندێ جار نووسراوە یان وشەی وا دەبیندرێت کە پەیوەستە بە شوێنەکانی سەرەوەی باکووری کوردستان و یان هێندێ جار پەیوەستن بە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە.

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بێژین کە هەموو بەردەنووسەکان و نووسراوەکانی سەردەمی ئەشکانی نزیکایەتی و پەیوەندییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا، یان بەجۆرێکی تر زمانی کوردی ڕیشەی لە زمانێکدا هەیە کە ئەمڕۆ بە ناوی زمانی پارتی یان پەهلەویی ئەشکانی ناسراوە.

بەڵام سەبارەت بە زمانی پەهلەویی ساسانی بەم شێوەیە نییە، لە نیوەی یەکەمی حکومەتی ساسانییەکاندا هەر دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی (کوردیی میانی) و پەهلەویی ساسانی بەکار هێنراوە. زۆربەی بەردەنووسەکان و نووسراوەکانی ئەم سەردەمە بە هەر دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی نووسراونەتەوە. واتا بەردەنووسەکان و نووسراوەکان تەنیا بە زمانی پەهلەویی ساسانی نین، بەڵکوو زۆر ئاسەواری واش هەن کە سەر بە زمانی پارتی (کوردیی میانی)ن، یەکێ لەوانە هەر ئەم هەڵبەستەی هۆرمزگانە.

**خەتی پەهلەوی:** سەبارەت بە خەتی پەهلەوی دەبێ بڵین کە یەکێ لە دژوارترین خەتەکانی جیهانە. ژمارەیەکی زۆر لە پیتەکانی ئەم خەتە نیشاندەری یەک دەنگ نین بەڵکوو چەندین دەنگیان هەیە. خەتی پەهلەویی ئەشکانیش لەگەڵ پەهلەویی ساسانی جیاوازی هەیە. تەنانەت لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا خەتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا جیاوازییان هەبووە. هەروەها لە سەردەمی ساسانییەکاندا چەندین خەتی جیاواز هەبوون کە بریتی بوون لە: دین دەبیرە، ئام دەبیرە، گشت دەبیرە، نیم گشت دەبیرە و دەبیرەی خەسرەوی.

یەکێ لە گرفتەکانی خەتی پەهلەوی ئەمەیە کە هەر وەک وترا ژمارەیەک لە پیتەکانی نوێنەرایەتی چەند دەنگ دەکەن، هەروەها ژمارەیەک لە پیتەکانیش لە کاتی لکان بە پیتی دیکەوە شێوەکەی دەگۆڕدرێت. سەبارەت بەمە "فەرەیدون جۆنەیدی" مامۆستای زمانی پەهلەوی لە"کتێبەکەی خۆیدا (فریدونی جنیدی، نامه پهلوانی، ص١٧) وەهای نووسیوە:

"ئەگەر سەیرێکی ئەم ئەلفوبێیە (پەهلەوی) بکەین دەبینین کە بۆ نموونە پیتەکانی "آ" و "خ" و "ھ" لە یەک گرۆن و بە نیشانەیەک وەک "ـسـ" دیاری دەکرێن.

هەروەها پیتی "ى" کە نیشانەی بۆ "ف" و "پ"، یا نیشانەی "ـ" کە پیتەکانی "ل" و "ر" دیاری دەکات و هەروەها "ڪ" کە نیشانەی بۆ پیتەکانی "ز" و "ژ".

دیسان "جونەیدی" لە لاپەڕەی ٢٦ی کتێبەکەی خۆیدا وەهای نووسیوە:

"خاڵێکی دیکەش دەبێ پێی زیاد بکەین هەروەک چۆن لە پیتی "[illegible]" (غ ) دیتمان، کە لە کاتی لکان بە پیتێکی دیکەوە شێوەکەی دەگۆڕدرێت، هەر بەم جۆرە چەند پیتی دیکە هەن کە کاتێ دەلکن بە پیتێکی پێش خۆیانەوە ئەوانیش شێوەکانیان دەگۆڕدرێن، ئەمانە بریتین لە:

پیتەکانی "چ"، "ج"، "ز"، "ژ" کە لە کاتی لکان بە پیتی پێش خۆیانەوە دەبێ وەک "[illegible]" بنووسرن.

بۆ نموونە:

وشەیەک وەک " [illegible]" دەکرێت وەک "ئاپ، ئاچ، ئاز، ئاف و ئاژ بخوێندرێتەوە. بەڵام کام شێوەی دروستە لە نێو ڕستەکەدا دیار دەبێت"[13].

نموونەیەکی دیکە: وشەی وەک "[illegible]" دەکرێ بە بیست شێوەی جۆربەجۆر بخوێندرێتەوە [(و، ن) (ل، ر) (پ، چ، ز، ف، ژ)]، بەڵام کامەی دروستە، پەیوەندی بەمەوە هەیە کە کامەیان واتایەکی گونجاوی لە ڕستەکەدا هەیە (کە ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی شارەزایی وەرگێڕ لە زمانی پەهلەوی و هەروەها زمانە ئێرانییەکانی دیکە).

بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەی کە لەسەرەوە باسی لێ کرا، زۆربەی وشەکانی پەهلەوی دەکرێت بە چەندین شێوە بخوێندرێتەوە، هەر بۆیەش زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدات کە دوو وەرگێڕی پەهلەوی خوێندنەوە و وەرگێڕانێکی یەکسانیان لە دەقێکی چەند دێڕی پەهلەوی هەبێ.

لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە ڕەخنەکان بۆ ئەوە دەگەڕێندرێتەوە کە بۆچی جیاوازی لە وەرگێڕانی هێندێک لە وشەکاندا هەیە، و ئەمە وەک بەڵگەیەک بۆ ساختەبوونی ئەم دەقە بەکار دێنن، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە بە هێنانەوەی چەند نموونەیەکی تر ڕووناکی زیاتر بخەمە سەر ئەم بابەتە:

لە دەقی پەهلەوی "یادگاری زریران (ماهیار نوابی ١٣٧٤: ٣٥)"، ڕستەیەکی کورت هاتووە کە لە سێ وشە پێک هاتووە بەم شێوەیە: "[illegible]". د. نەوابی کە خۆی نووسەر و مامۆستای زمانی پەهلەوییە ئەم ڕستەیە وەک "پیروز ئاوەر (پیروز آور)" مانا کردووتەوە. لەسەر ئەم ڕستەیە چەند مامۆستایەکی زمانی پەهلەوی ڕوونکردنەوەیان نووسیوە و هەر

---

[13] نامە پهلوانی، فریدون جنیدی، چاپ نخست، تهران ١٣٦٥.

کامیان بە شێوەیەک دەنگنووسی و وەرگێڕانیان بۆ کـردووە کە مـن هەر لێـرە نووسراوەکانیـانم کۆپی کردووە:[14]

١٣٨) متن په. = 

«پالیارو»، «بنونیت»  aparvēz apar kas

«نوبرگ»:  Perož åwar ayēh

«منشی‌زاده»:  Perož hunar ayāy

«مکنزی»:  Pērož åwar (a)hāy

«شکی»:  Paryozān * Wirexsāy

بە هەموو ئەم دژواریانەی زمانی پەهلەوی دەبێ گرفتی "هزوارش"ەکانیشی لێ زیاد بکەین. لە گەلێک لە دەقەکانی پەهلەوی هێنـدێک لە وشـەکان بە شـێوە "ئـارامی" دەنـووسرێن، بەڵام لە کـاتی خوێنـدنەوەدا بە زمـانی پەهـلەوی دەخوێنـدرێتەوە. کە وابـوو دەبـێ لە پێشـدا وەرگێـر بتوانێت دەستنیشانی بکات کە ئایا وشەکە هزوارشـە یـان نیـیە، و ئەگەر هـزوارش بـوو ئەمجـا وشەی گونجاوی بۆ ببینێتەوە.

مەبەست لەم ڕوون کـردنەوانە ئەوەیە کە ئەگەر ئـێمە جیـاوازی لە دەنگنووسـی و وەرگێڕانـی دەقەکانی پەهلەویدا دەبینین ئەمە شتێکی سروشتییە و هۆکارەکەشی ئەو گرفتـانەیە کە باسـی لێ کرا. بۆ نموونە هەتا ئێستا زیاتر لە دە وەرگێڕانـی سـەربەخۆ لە داسـتانی پەهـلەوی (یادگـار زریـران) کـراوە کە جیـاوازیگەلی زۆریـان لەگەڵ یەکـتردا هەیە. هەروەهـا تـا ئێسـتا چەنـدین وەرگێڕان لە کتێبی (درخت آسوریگ) کراوە کە هەموویان جیاوزییان پێوە دیارە تا ئەو جێگـایە کە تەنانەت هێندێکیان ناوی خۆدی کتێبەکەشیان بە جۆرێکی تر وەرگێڕاوەتەوە.

سەبارەت بە خەت و زمـانی پەهلەویـش پێویسـتە ئەوە بێـژم کە هـیچ مامۆسـتا و پسـپۆڕێکی زمانی پەهلەوی چ ئێرانی و چ نائێرانی نییە کە بتوانێـت یەک دێـڕ شـیعر بە زمـانی پەهـلەوی بهـۆنێتەوە و بە خەتـی پەهـلەوی بینووسـێتەوە. مامۆسـتاکانی زمـانی پەهـلەوی بە یـارمەتی

[14] یادگار زریران، د. یحیی ماهیار نوابی، ناشر اساطیر، چاپ اول، ساڵ ١٣٧٤ ص ١٠٠ یادداشت ١٣٨.

فەرهەنگەکانی پەهلەوی و کتێبی جۆراوجۆر دەتوانین دەقێک بخوێننەوە و وەرگێڕانی بۆ بکەن (کە زۆر جاریش بەدەر لە هەڵە نییە) و ئەگەر پێویستیش بێت وشەی پێی زیاد و یان لێ کەم دەکەن. بەڵام دەبێ بزانین کە خۆیان قەت ناتوانن دێڕە شیعرێک بە زمانی پەهلەوی بڵێن و بینووسنەوە.

- یەکێک لەو ڕەخنانە کە ئاراستەی ئەم هەڵبەستە دەکرێ و بە ساختە و دروستکراوی دەزانن، لە لایەن کەسانێکەوەیە کە لە دژی ناوەڕۆکی شیعرەکە و زمانە توند و تێژەکەین و باوەڕیان وایە کە ئەم قسانە هەڵەیە و لە ڕاستیدا جەنگ و کوشتارێک لە کوردستاندا نەقەوماوە و شار و گوندیش نەڕووخاوە و ژن و منداڵیش بە دیل نەگیراون، ئەم تویژە لە ڕەخنەگەران ئەم هەڵبەستە وەک پیلانێکی دوکتور سەعید دەزانن بۆ بەدناوکردن و ڕەشکردنی ئایینی ئیسلام.

- من بە پێویستی نازانم کە لێرەدا خۆمان تووشی باسێکی مێژوویی بکەین کە لەو سەردەمەدا چی ڕووی داوە و چی قەوماوە. من پێشنیارم ئەوەیە کە ئەم ئازیزانە بڕۆن و بۆ خۆیان چاوێک بەو کتێبە مێژووییانە سەبارەت بە هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان و ئێران لەو سەردەمەدا بخشێنن. لە ڕاستیدا من بۆ خۆم لەو باوەڕدا نیم کە عەرەبە موسڵمانەکانی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە سەبەتەی پڕ لە گوڵ و مێوەوە هاتن و خەڵکیان بۆ دینی ئیسلام بانگەیشت کرد و خەڵکی کوردستانیش بە وتنەوەی (الله و اکبر) چوون بەرە پیریانەوە.

- یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی کە وەک بەڵگەیەک بۆ ساختەبوونی ئەم هەڵبەستە باسی لێ دەکرێت، هەبوونی گێڕانەوەی (روایتی) جۆراوجۆرە سەبارەت بە دۆزینەوەی "پێستەنووسەکە" و بە تایبەتی ئەو گێڕانەوەیە کە حوزنی موکریانی لە گۆڤاری "زاری کرمانجیدا" باسی لی کردووە. ئەمە کە حوزنی موکریانی وەک ڕۆژنامەنووسێکی نابەرپرسیار گێڕانەوەیەکی نادروست و بەکەیفی خۆی لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەم "پێستەنووسە" لە گۆڤارەکەی خۆیدا هێناویە و بڵاوی کردووەتەوە، بێگومان کارێکی ناشایست و ناڕەوایە و جێگای ڕەخنەیە. بەڵام ئەمە کە حوزنی موکریانی لە وتوووێژێکی دۆستانەدا لە تەک د. سەعید ئاگاداری ئەم هەڵبەستە دەبێت و دواجار لە گۆڤارەکەی خۆیدا بەجۆرێک باسی لێ دەکا و دەیەوێت وا پیشان بدات کە ئەویش بەشدار بووە لەم دۆزینەوەدا و بەم جۆرە بیکا بە شانازییەک بۆ خۆی ناتوانێت ببێتە بەڵگەیەک بۆ ساختەبوونی ئەم هەڵبەستە.

بەگشتی ئەگەر ڕووداوێک بە شێوە ورد لە لایەن کەسانی توانا و شارەزاوە تۆمار نەکردرێت، بێگومان گێڕانەوەی ڕاستی ڕووداوەکە دواجار ناشێت (مومکن نییە). با لێرەدا باسی نموونەیەک بکەین کە لە سوید ڕووی داوە. چەند ساڵ لەمەوبەر لە یەکێ لە شارەکانی سوید ماشین لە جەوانێک دەدات لە کاتێکدا کە خەرێک بوو تێ دەپەڕی لەو شوێنەی کە دەستنیشان کراوە بۆ هاتووچووی خەڵک. چەند خولێک لە پاش ڕووداوەکە هەر لەو کاتەدا کە ئامبولانس بۆ گواستنەوەی جەوانەکە بۆ نەخۆشخانە دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، هەوالنووسێکی ڕۆژنامەش دەگاتە ئەوێ و لەو خەڵکەی کە بەچاوی خۆیان ڕووداوەکەیان دیبوو پرسیار دەکات کە چۆنیەتی ڕووداوەکەی بۆ باس بکەن. لە دە کەس پرسیاری کردبوو و دە وەڵام و گێڕانەوەی زۆر جیاوازیان لە ڕووداوەکە بۆ باس کردبوو، لەوانە: شوفێرەکە سەرخۆش بوو و زەلامەکەی کردە ژێرەوە. گێڕانەوەیەکی دیکە: زەلامەکە دەیویست خۆی بکوژی، خۆی هاویشتە بەر ماشینەکە. یەکێکی دیکە دەڵێت: جەوانەکە دەسبەجێ کوژرا. یەکێک دەگێڕێتەوە: کە هیچ نەبووە جەوانەکە خۆی لە مردن داوە. یەکێکی دیکە دەڵێت: چرای ترافیک سوور بوو بەڵام جەوانەکە گوێ نەدای و هەر ڕۆیشت. کەسێکی دیکە دەگێڕێتەوە: کە شوفێرەکە لە چرای سوور تێپەڕی و خۆی کیشا بە زەلامەکەدا.

ئەمە کە مرۆڤەکان گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە ڕووداوەکان بەپێی تێگەیشتنی خۆیان دەگێڕنەوە شتێکی سەیر نییە. لەسەر قەباڵەکانی هەورامانیش (کە ئێستا لە مۆزەخانەی لەندەنن) هێشتا جیاوازی هەیە لە گێڕانەوەی چۆنیەتی دۆزینەوەیان. لەم بارەوە د. جەماڵ ڕەشید ئەحمەد لە کتێبێ "لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی کوردەواری" وەهای نووسیوە:

د. سەعید سەبارەت بەوەی کە لە کێ ئەم قەباڵانەی دەست کەوتووەتە هیچی نەنووسیوە، بەڵام دواجار شێخ ئەمینی شێخ عەلادینی نەقشبەندی بۆمی گێڕایەوە کە ئەم قەباڵانە بە هۆی یەکێ لە موریدانی شێخ بە ناوی "ورگڵ" لە گوندی پاڵنگان، لە نێو گۆزەیەکی پڕ لە هەرزن لە نزیکی قەڵای تەنگیبەر دۆزراوەتەوە کە دواجار شێخ عەلادین دەیدات بە د. سەعیدی کوردستانی.

بێجگە لەم گێڕانەوەیە د. جەماڵ ڕەشید هەر لەوێ گێڕانەوەیەکی دیکەش باس دەکات کە بێجگە لەوەی کە شوێنی دۆزینەوەی قەباڵەکان و هەروەها ئەو کەسەی کە دەیدۆزێتەوە جیاوازن و وەک ئەوەی پێشوو نییە، خۆدی شێوەی دۆزینەوەکەش وەک شێوازێکی ئەفسانەیی باسی لێ دەکرێت. لە گێڕانەوەی دووەمدا ئەو کەسەی کە قەباڵەکانی دۆزیوەتەوە ناوی

"سۆفی عەبدولا"یە، و شوێنی دۆزینەوەکەش ئیتر قەلای تەنگیبەر نییە، بەڵکوو لە نزیکی بیارە و لە کوێستانی "سورێن"دا بووە، (جمال رشید احمد، ۱۹۸۸: ۳۳۱- ۳۳۳)".

بەداخەوە هەتا کاتێ کە بە شێوازێکی ورد و پسپۆڕانە ڕووداوەکە تۆمار نەکرێت، دەرفەت بۆ کەسانی دیکە پەیدا دەبێت کە خۆیان گێڕانەوەیەک لە ڕووداوەکە ساز بکەن. کە وابوو هەر وەک پێشتر گوترا، گێڕانەوەی نادروستی کەسانی تر لەسەر ئەم بابەتە ناکرێت بیکەینە بەڵگە بۆ ساختەبوونی ئەم "هەڵبەستە".

- یەکێ لەو ڕەخنەگەلە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا و سەرچاوەیە بۆ هەموو دەنگۆ و ڕخنەکانی دیکە، گرفتی دیاری نەبوونی شوێنی هەڵگرتنی ئەم "پێستە نووسە"یە. زۆر کەس باوەڕیان وایە کە چونکە ئەم دەقە لە مۆزەخانە یان لە کتێبخانەیەکدا ڕانەگیراوە، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە شتێکی وا نییە و نەبووە. ئەمە زۆر ڕوون و دیارە کە ئەگەر شوێنی ئەم "پێستە نووسە" دیار بووایە، ئیتر دەنگۆ و گرفتێکی وامان بۆ نەدەهاتە پێش. بەڵام ئەمە بە تەنیا ناتوانێت ببێتە بەڵگە بۆ ساختەبوونی ئەم هەڵبەستە، بە لێکدانەوەیەکی زانستیانەی زمانەوانی دەکرێت بە ڕێژەیەکی بەرز ڕەسەنبوون و یان ساختەبوونی ئەم هۆنراوەیە دەستنیشان بکرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم "پێستەنووسە" تەنیا نووسراوە و ئاسەوارێکی مێژوویی نییە کە لە شوێنێکی گشتی و یان لە مۆزەخانەیەک ڕانەگیردراوە و لەبەر دیدی خەڵک نییە. لەوانەیە درۆ نەبێ ئەگەر بڵێین ئەوندە لە ئاسەواری مێژوویی، بەردەنووس، کتێبی خەتی و ئاسەوارە هۆنەرییەکان کە لە ئارشیوەکانی تایبەتی کەسەکاندا هەڵدەگێردرێت ئەگەر لە ڕێژەی ئەوانەی کە لە مۆزەخانەکان و شوێنە گشتییەکاندا ڕاگیراون زۆرتر نەبێ بە دڵنیاییەوە کەمتر نییە.

زۆرترین دەقەکانی پەهلەوی لە ئارشیوی تایبەتی زەردەشتیانی هیندستان دۆزراونەتەوە و ئێستاش هەر لای ئەوان هەڵگیراون. بۆ نموونە پەیکەری بەلاشی چوارەم پادشای ئەشکانی لەگەڵ بەردەنووسێکدا کە لەسەر بەلاش نووسراوە هەر ئێستاش لە ئارشیویکی تایبەتیدا ڕاگیراوە، بڕوانە بۆ (ح. رضائی باغ بیدی، (۱۳۸۱)، دستور زبان پارتی، تهران، ص ۱۸).

۱۸ دستور زبان پارتی



۶. نیم‌تنهٔ بلاش چهارم[۳]

**۵. نیم‌تنهٔ بلاش چهارم (۱۴۷/۸-۱۹۰/۹۱ م.):** این نیم تنهٔ سنگی که در مجموعه‌ای شخصی نگهداری می‌شود دارای کتیبه‌ای بسیار کوتاه در معرفی بلاش است.[۴]

لەو وڵاتانە کە یاسا سەروەرە، خەڵکێکی زۆر ئاسەواری مێژوویی، هۆنەری و کتێبی خەتی و هەروەها شتی دەگمەن لە ماڵەکانی خۆیاندا ڕادەگرن و شوێنی تایبەتی و یاسایی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئەو شتانە هەیە.

بەڵام لە وڵاتانێک وەک ئێران کە نە خەڵک باوەڕیان بە دەوڵەت هەیە و نەش دەوڵەت بە خەڵک، ئاسەوارە مێژووییەکان یان بە قاچاخ دەفرۆشرێت و یان خەڵک لە ناویان دەبات. زۆربەی ئاسەوارەکانی مانایی و مادی هەر ئێستا لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی تر بەتایبەت ژاپون و ئامریکا سەریان دەرهێناوە.

لەسەر ئەم "پێستەنووسە"ش نە دوکتور سەعید و نەهیچ کەسێکی تر نەیان وتووە کە ئەم نووسراوەیە لە فلان مۆزەخانە ڕاگیراوە، بەڵکوو هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە ڕوون و دیار

بوو کە جەوانێکی ئینگلیزی ئەمەی کڕیوە و لای خۆیەتی و وێنەیەکی لە گۆڤاری "ڕۆژهەڵاتی نزیکدا" بڵاو کردووەتەوە. ئەمە چیرۆکێکی زۆر سەیر و سەمەر نییە، ئێستا ئەم جەوانە (کە بێگومان لە ژیاندا نەماوە) ئایا خاوەنی ئارشیوێکی تایبەتی بووە یان نا، کەس نازانێت چونکە لێکۆڵینەوەیەکی وا قەت نەکراوە و کەس شوێنی نەکەوتووە.

- یەکێکی دیکە لەو ڕەخنەگەلە کە لەملا و لەولا باسی لێ کراوە، هەبوونی وشەی "شارەزوور"ە لەم دەقەدا. گوایی یەکێ لە زانایانی کورد وتوویەتی کە "شارەزوور" وشەیەکی نوێیە و هەروەها وشەی "زۆر"یش ئاماژەیە بۆ سروشتی بیابانی ناوچەکە.

یەکەم، هەر وەکوو پێشتر لە بەشی خەتی پەهلەویدا ڕوون کرایەوە، پیتەکانی "ه" و " ا " لە خەتی پەهلەویدا بە نیشانەیەک وەک (ـــ) دەنووسرێت. کە وابوو وشەکانی "شارەزوور" و "پاڵە" لەم دەقەدا دەکرێ وەک "شهرزور" و "پهلە "یش بخوێندرێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی یەکێ لە گرفتەکانی خەتی پەهلەوییە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا. لە وەها دۆخێکدا ئەمە وەرگێڕە کە دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی گۆکردنی ئەم وشەیە لە نێو دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو مەڵبەندە کە نووسراوەکەی تێدا دۆزراوەتەوە وەرگێڕانێکی گونجاو بۆ وشەکە بکات.

دووەم، وشەی "شارەزوور/ شهرزور" وشەیەکی زۆر کۆنە، ڕیشەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتی ئاشوور. لەو سەردەمی کە ئاشوور دەسەڵاتی بەهێزی ناوچەکە بوو، مەڵبەندێکی گەورە لە وڵاتەکانی ئێستای عیراق، سوریە، لوبنان و فەلەستین و بەشێک لە کوردستانی داگیر کردبوو و هێنابوویە ژێر حوکمڕانی خۆیەوە. وشەی "شترا" لەو سەردەمەدا لە زمانی مادیدا بە واتای وڵات بوو. مادەکان کە هاوسێ ئاشوورییەکان بوون، بەو ناوچەگەلە کە نزیکی ئەوانەوە بوو واتا هەر لە باشووری "موسڵ"وە هەتا ناوچەکانی ناوەندی و باشووری عێراق بە تایبەت ئەو ناوچەگەلە کە ئەمڕۆ بە "شارەزوور و گەرمیان" دەناسرێت و نزیکن لە مەڵبەندەکانی کرماشان و ئێلام بە "شترا ئاسوور" (وڵاتی ئاسوور) ناویان لێ دەبرد. لە پاش شکانی ئاسوور و سەرکەوتنی مادەکان لە سەدەکانی دواتردا وردە وردە گۆڕان بە سەریدا هات و ئەم ناوە وەک "شارئاسوور/ شهرئاسوور" و پاشتر وەک "شارەزوور/ شهرزور"ی لێ هات. لە سەردەمی حکومەتی ئەشکانییەکاندا ئیتر ئەم ناوە بە تەواوی جێگیر بوو. لە کارنامەی ئەردەشێری پاپکاندا باسی یەکێ لە سەرکردەکانی کورد دەکات بە نێوی "یەزدانکرتی شارەزووری (یزدانکرت شهرزوری)"[15] کە بۆ یارمەتیدانی ئەردەشێر سەردانی کردبوو، و ئەمە بۆ

[15] قاسم هاشمی نژاد، کارنامەی اردشیر بابکان، تهران ١٣٦٩، ص ٤٦.

خـۆی نیشـانەیە لە گـۆڕانی ئەم نـاوە. کە وابـوو وشـەی شـارەزوور وشـەیەکی کـۆن و شـێوەی گۆردراوی "شترا ئاسوور/شارئاسوور(وڵاتی ئاسوور)"ە.

- ئێستا پێویستە چاوێک بخشێنین بە نووسراوەکەی شاهۆ عەبدی سەبارەت بە ئەم هەڵبەسـتە. مــن بــۆ خــۆم ئەم بەڕێــزە ناناســم و تــا ئێســتاش هــیچ نــووسراوەیەکم لــێ نەدیــوە و نەمخوێنـدوەتەوە، بەڵام وا دیـارە کە وەک نووسـەر و یـان وەک ڕەخنەگەرێکـی بـواری وێـژە و ئەدەب چالاک بێت.

شاهۆ عەبدی هەر لە پێشەوە بڕیاری خۆی لەسـەر ساختەبوونی هەڵبەسـتی هۆرمزگـان داوە، ئەمجا بۆ سـەلماندنی ئەم بـابەتە دەسـتی داوەتە لێکـۆڵینەوە و دواجـار ئەم کـار و چـالاکییەی خۆی لە وتارێکی ٣٠ لاپەڕەییدا لە گوڤاری فەرهەنگی "هایـا (٢٠١٨) سـاڵی شەشـم، ژمارەکـانی ٢١ و ٢٢"دا بڵاو کردووەتەوە.

شاهۆ عەبدی نەک بە شێوازێکی زانسـتی و زمـانەوانی، بەڵکـوو بە شـێوەیەکی تـر کەوتـووەتە شوێن ڕۆشنکردنەوەی گرفتی بابەتەکە. ئەو خۆی لە شوێن **"کارئاگا (Sheriff)"**[16]یەکی شارەزا و لێهـاتوو دانـاوە و هەر وەک چـۆن کارائاگـایەکی بەئەزمـون لە کـوچە و کۆڵانەکانـدا بە شـوێن ئاسـەوار و بەڵـگەی تاوانـدا دەگەڕێ بـۆ سـەلماندنی تـاوانەکە و دەستنیشـانکردنی تاوانبـاران، ئەویش بە هەمان شێوە بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی تاوان لە کون و قوژبنی ئارشیوی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکاندا بە دوای گێڕانەوەی قسـەی ئەم و ئەو، دەنگـۆ و تەنـانەت ئەوانەش کە قسـەیکیان لەم بارەوە نەکردووە کەوتووە. ئەو لە پاش گەڕانێکـی زۆر، بە قسـەی خـۆی هەر لە سـەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ (کاتی نووسینی وتـارەکەی)، لێکـۆڵینەوەکەی خـۆی دوای دێنێـت، ئەمجـا خـۆی لە شوێنی دادوەرێـک دادەنێـت و بڕیـاری تاوانبـاری بەسـەر دوو کەس لە گومـانلێکراوان واتـا د. سـەعیدی کوردسـتانی و حـوزنی موکریـانی دەردەکـات و دوو کەسـی دیـکەش د. سـەدیقی سەفیزادە و سەعیدی یاسەمیش وەکوو گومانلێکراو دەستنیشان کردووە.

ئەم بەڕێـزە بـۆ بەدەسـت هێنـانی سـەند و بەڵـگەی تـاوان شـێوازێکی تـایبەتی لە هەمـوو لێکـۆڵینەوەکەی خۆیـدا پەیـڕەوی کـردووە، ئەویـش دۆزیـنەوەی دژبەری و جیاوازییەکـانە لە گوتەکانی ئەم و ئەو و هەروەها لە گێڕاوەکانـدا (ڕوایەتەکـان). لێـرەدا چاوێـک دەخشـێنین بە هێندێک لە نووسراوەکانیدا:

---

[16] کارئاگا: (کارآگاه = فارسی)، بە واتای کەڵانتەر یان شەریف (Sheriff)، پولیسێک کە بەدوای تاوان و تاوانباراندا دەگەڕێ.

"بەهار هیچ سەرچاوەیەکی بێجگە لە سەعیدخان لەبەر دەستدا نەبووە، ئەو نووسراوەکەی خۆی تەنیا لە **زمانی** سەعیدخانەوە بێ ئەوەی کە کەمترین لێکۆڵینەوەیەکی لێ کردبێت گێڕاوەتەوە" (عبدی، ٢٠١٨: ٤).

مرۆڤ دەتوانێ ئەم پرسیارە لە خۆی بکات، چۆن دەگونجێ کە نووسەرێکی گەورەی وەک بەهار کە زیاتر لە ٣٠ کتێبی مێژوویی و ئەدەبی نووسیوە و خۆی شارەزای خەت و زمانی پەهلەوی بووە و چەندین کتێب و دەقی پەهلەوی وەرگێڕاوەتەوە سەر فارسی، بە بێ ئەوەی کە دەقی پەهلەوی هەڵبەستەکەی دیبووبێت، ئەم پارچە شیعرەی تەنیا لە زمانی سەعیدخانەوە بیست یان خۆد لە دەستی سەعیدخانی وەرگرت و دوایی وەکوو هەڵبەستێکی بەرز و زۆر بەنرخی شیعری ئێرانی بڵاوی کردەوە!

"پێویستە باسی بکرێت کە سەعیدخان هەرچەندە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسانێک وەک ادوارد براون، مینورسکی و نۆڵدکە لە پەیوەندیدا بووە . . . بەڵام بابەتی ئەم پێست و هەڵبەستەی لەگەڵ هیچیان باس نەکردووە هەتا هەر بەو جۆرەی کە مینز لە بابەت بەڵگەنامەکانی هەورامانەوە واتاریکی زانایانەی لە ژۆرناڵی خوێندنەوەکانی هلێنیدا نووسی، لەسەر ئەم بابەتەیشیان نووسیبای.

لێرەدا دەکرێ لە شاهۆ عەبدی پرسیار بکرێت، یەکەم: تۆ چۆن دەزانی کە د. سەعید ئەم بابەتەی لەگەڵ ئەوان باس نەکردووە؟ تۆ لە کوێ دەزانی، لەوانەیە کە د. سەعید قسەی کردبێت بەڵام ئەوان بە لایانەوە گرینگ نەبوو بێت؟ دووەم: بابەتی قەباڵەکانی هەورامان واتا سێ قەباڵەی سەردەمی ئەشکانییەکان لەگەڵ پارچە شیعرێک کە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بووەتەوە جیاوازی زۆری هەیە. سێیەم: کێ لەو کاتەدا لە لەندەن ئامادە بوو بە بێ پارە و پاداشت بۆ د. سەعید کاری ئاکادمیک بکات، دەنگنووسی بۆ دەقەکە بکات و وەری بگێڕیتەوە؟ کێ حەقدەست و هەزینەکانی دەبووای دابات؟ لە کاتێکدا د. سەعید خۆی لەوێ بە یارمەتی کلیسا و دۆستەکانی دەژیا.

بێجگە لەمانە، بابەتی ئەم پارچە هۆنراوەیە ئەو گرینگییەی کە بۆ ئێمە کوردان هەیەتی، بۆ لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی نییەتی. هەر ئێستاکەش بە سەدان بەردەنووس، پێستەنووس و پاپیروس لە ئارشیوی وڵاتانی ئوروپاییدا تۆزی لێ نیشتووە و کەس لای لێ ناکاتەوە.

"هەر چەندە ڕەشید یاسەمی لەگەڵ خەت و زمانی پەهلەویدا ئاشنایی هەبـووە، بەڵام ئەویـش بێ ئەوەی کە بەوردی باسـی بکـات و بـێ ئەوەی کە بەڵـگەیەک سـەبارەت بەم بـابەتە نیشـان بدات، ئەویش هەر قسەکانی سـەعیدخان و بەهـار دووپـات دەکـاتەوە. ئەو بـابەتەکەی وەهـا باس کردووە وەک ئەوەی بڵێی نە تەنیـا **"سـەندەکەی"** (مەبەسـت هەڵبەسـتەکەیە= نووسـەر) چەندین جار خوێندوەتەوە بەڵکوو وەک بابەتێکی سەلمێندراو چاوی لێ کردووە.

جێگای سرنجە کە ئەو هۆنراوەیە کە یاسەمی بڵاوی کردوەتەوە لەگەڵ ئەو شـیعرەی کە بەهـار لە سەعیدخانی وەرگرتووە جیاوازییان هەیە! لێردا پرسیارێک دێتە ئـاراوە کە ئەمە چـۆنە کە لە کەمـتر لە یەک سـاڵدا دوو کەس ئامـاژە بە هـۆنراوەیەک دەکەن بەڵام دەقـی هـۆنراوەکە بە جیاوازییەوە دەیگێڕنەوە . . . (عبدی، ٢٠١٨: ٥)".

من نازانم مەبەستی نووسەر (شـاهۆ عەبـدی) لە نیشـاندانی بەڵـگە چیـیە، بەڵام بە دڵنیـاییەوە دەکرێت بوترێت کە یاسەمی هیچ گومانێکی نەبووە چـونکە نوسـخەیەک لە دەقـی پەهـلەوی هۆنراوەکەی بەو جۆرەی کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بووەتەوە لەبەر دەستیدا بـووە، و هەر ئەوەی کە وەرگێڕانەکەی ئەو لەگەڵ وەرگێڕانەکەی "بەهار- سەعیدخان"دا نەختێک جیاوازییـان هەیە، خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دەنگنووسـی و وەرگێڕانێکـی سـەربەخۆی بـۆ دەقەکە کـردووە. بە گشتی هەر وەک پێشتریش باسی کرا دوو وەرگێڕانی یەکسـان لە دەقێکـی پەهـلەوی ناشـێت و ناکرێت.

شـاهۆ عەبـدی لە پـاش نـاوبردنی ژمـارەیەکی زۆر لە لایەنگرانـی هـۆنراوەکە کە وا بڵاویـان کـردووەتەوە، ئەمجا نـاوی دژبەرەکـانی دێنێـت لەوانە "جەمـاڵ نەبەز" و "عیـزەدین موسـتەفا ڕەسوڵ" کە بەپێی نووسراوەکەی خۆدی شاهۆ عەبدی، بە بێ هیچ نووسراوە و بەڵگەیەک (سند و استدلال) دەڵێن کە ئەم هۆنراوەیە ساختەیە.

شاهۆ عەبدی پاشان دەست دەکا بە ڕەخنە گرتن لە د. سەدیقی سەفیزادە و دەڵێت:

١- "گێڕانەوەکەی لە دۆزینـەوەی "پێستەنووسـەکەدا" وەک گێڕانەوەکـانی ئەوانـی دیـکە نیـیە، بەتـایبەتی ڕێکەوتـی دۆزیـنەوەکە لەگەڵ ئەوەی کە د. سـەعید و ئەوانـی تـر دەڵـێن یەک ناگریتەوە، (عبدی، ٢٠١٨: ١٨- ١٩)".

٢- "بڵاوکردنەوەی وینەی دەقی پەهـلەوی هەڵبەسـتەکە، کە دیـار نیـیە ئەم وێـنەیە لە کـوێ و چۆن دەستی کەوتووە، (عبدی، ٢٠١٨: ١٩- ٢٠)".

٣- "سەفیزادە بە هێنانەوەی شیعرێک لە کتێبی سەرەنجام وەک بەڵگە، باوەڕی وایە کە هۆرمزگان شارێک بووە لە شارەزوور، لە کاتێکدا وشەی هۆرمزگان لە ڕاستیدا (تعبیر و استعارە)یە بۆ شارەزوور و هیچ ئاماژە و پەیوەندی بە شارێکی تروە نییە، (عبدی، ٢٠١٨:٢٠)".

٤- "ئەگەر دەقی کتێبی سەرەنجام لەبەرچاو بگرین، تێ دەگەین کە لە نێوان شیعرەکانی ئەم کتێبەدا و هۆنراوەی هۆرمزگان هاوچەشنی/ هاوبەشییان (اشتراکاتی) لەگەڵ یەک هەیە کە لە شوێنی خۆی باسیان لێ دەکەین (عبدی، ٢٠١٨: ٢٠ )".

سەبارت بەو خاڵانەی کە شاهۆ عەبدی لە سەرەوە باسیانی کردووە، منیش لەگەڵ خاڵی دووەمی دام و زۆر بە دروستی دەزانم، بەداخەوە ئەمە خاڵێکی زۆر لاوازە بۆ سەفیزادە و بۆ کتێبەکەیشی و جێگای ڕەخنەیە.

لەگەڵ خاڵی چوارمیشدا من لەگەڵ شاهۆ عەبدیم ئەم هۆنراوەیە لەگەل شیعرەکانی کتێبی سەرەنجام و سروودەکانی یارسانی لێکچوونێکی زۆریان هەیە، هەر وەک بڵێی لە یەک خوێندنگا و تەنانەت یەک شاعێریش هەموویانی هۆنیوەتەوە! لە ڕاستیدا ئەگەر وا نەبووایای سەیر و جێگای گومان دەبووا! ئەگەر کەسێک بێژێت من لە کێوی بێستون ماسیم گرتووە، جێگای سەیر و گومانە، بەڵام ئەگەر بێژێت من لە چەمی سیروان ماسیم ڕاو کردووە نە تەنیا جێگای گومان نییە بەڵکوو زۆریش ئاساییە. پیرانی یارسانی و ئەوانەی کە شیعرەکانیان لە کتێبی سەرەنجامدا هاتوون لە ڕۆڵەکان و نەوەکانی هەر ئەم شاعێرەن کە هۆنراوەی هۆزمزگانی هۆنیوەتەوە، ئەوان وتار و کردار و بەشێکی زۆر لە بیر و باوەڕەکانی خۆیان لەو شاعێرەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە.

ئەگەر ئێمە سروودەکانی پیرانی یارسانی و هۆنراوەکانی ناو کتێبی سەرەنجامامان نەبووایای، ئەو کات مافی خۆمان بوو کە پرسیارە بکەین و بڵێن خۆ زەمینەی وەها هۆنراوەیەک و وەها زمانێک لە کوردستان و لە هەوراماندا نییە، ئەی ئەمە چۆن پەیدا بووا! کە وابوو بە باوەڕی من ئەمە زۆر ئاساییە کە لە هەموو بارێکەوە ئەم هەڵبەستە لەگەڵ هۆنراوەکانی کتێبی سەرەنجامدا لەیەک بچن.

شاهۆ عەبدی سەبارەت بە دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی ئارەش موفاخێریش وەهای نووسیوە:

"بەداخەوە ئەکبەری موفاخێر لە هەر شوێنێک کە تووشی گرفتێک سەبارەت بەم هۆنراوەیە بووە بە فێڵێک خۆی دەرباز کردووە. ئەو لە پێشدا لەگەڵ هۆنراوەیەکدا ڕووبەڕوو بووە کە

لەبەر هەر هۆکارێک بێت پێی خۆشە کە دروست بێت، جا بـۆیە بـۆ سـەلماندنی، خـۆی داوەتە دەست وێنەی "پێستەکە" بەڵام کە دەبینێ ئەو خەتەی کە لەسەر پێستەکە نـووسراوە ناتوانێـت هێن سەدەی یەکەمـی کـۆچی بێـت، ئەم جـار چیرۆکـی شـیعر و پێسـتەکە بە جـۆرێکی دیـکە دەیگێڕێتەوە، واتا هۆنراوەکە وەک گێڕانەوەیەکی دەمبەدەم لە ئەدەبی زارەکی دەزانێ و کاتی نووسینەکەی دەگوێزێتەوە بۆ چەندین سەدە پاشتر و تەنانەت لە هێندێ شـوێن لە دەقەکە کە تووشـی گرفـت بـووەتەوە هۆکـارەکەی بە هەڵە نووسـین لە لایەن نووسـەرەکەیەوە زانیـوە، (عبدی، ۲۰۱۸: ۲۳)".

ئەم ڕەخنەگەلە یان تۆمەتـانە کە نووسـەر ئاراسـتەی ئارەشـی موفـاخێری کـردووە، لە لایەکەوە جێگای داخە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نیشان دەدات کە ئەم بەڕێـزە هـیچ زانیـارییەکی لەگەڵ خەت و زمان و دەقەکانی پەهلەویدا نییە. ئەمەی کە ژمـارەیەکی زۆر لە دەقەکـانی پەهـلەوی دەمبەدەم پـارێزراون و دواجـار نـووسراونەتەوە شـتێکی دەگـمەن نیـیە و زۆر ئاسـاییە. کتێبـی درەختی ئاسووریگ ئاسەوارێکی کۆنی سەردەمی پادشایەتی کەیخەسرەوە بەڵام لێکـۆڵەران لەو باوەڕەدان کە ئەم دەقە دەمبەدەم هاتووە هەتـا سـەردەمی ئەشـکانیان/ ساسـانیان و ئەو دەم نووسراوەتەوە. سەبارەت بە داستانی یادگاری زەریرانیش هەر وا دەڵێن، ئەم داستانە پەیوەنـدی بە سـەرهەڵدانی ئـایینی زەردەشـتییەوە هەیە و لە سـەردەمی ویشتاسـپ شـاە قەومـاوە، بەڵام لێکۆڵەران باوەڕیـان وایە کە لەسـەردەمی ساسـانییەکاندا کـراوە بە نـووسراوە. بەشـێکی زۆر لە کتێبـی ئەوێسـتاش بە هەمـان شـێوە دەمـبەدەم پـارێزراوە و لە سـەردەمی ساسـانییەکاندا نووسراونەتەوە.

سـەبارەت بەوەی کە بـۆچی لە دەقە پەهلەوییەکەدا لە بـاتی وشـەی "ژن" وشـەکە وەک "زن" هـاتووە، ئارەشـی موفـاخێر لە نامەیەکـدا کە بـۆ شـاهۆ عەبـدی نووسـیویەتی و بـۆی ڕوون کـردووەتەوە کە ئەمە هەڵەیەک بـووە لە لایەن نووسـەرەکەیەوە. کە چـی شـاهۆ عەبـدی ئەم وەڵامی قەبول نییە و ئەمە بە بەڵگەیەک دەزانێ کە ئەو کەسـەی کە ئەم هـۆنراوەیە نووسـیوە خەتی پەهلەوی نەزانیوە، و وەڵامەکەی موفاخێر بە پاساو هێنانەوەی دەزانێ.

بەڵام لە ڕاسـتیدا هـیچ هەڵەیەک لەم وشـەیەدا نیـیە، چـونکە هەر وەک پێشـتر ڕوون کـرایەوە نیشانەی "ڪ" لە خەتی پەهلەویدا هەم بـۆ دەنگـی "ز" و هەم بـۆ دەنگـی "ژ" بەکـار هـاتووە. هەرچەند لە سەدەکانی پـاش ئیسـلامدا وردە وردە نووسـەران بە دانـانی خـاڵ لەسـەر پیـتەکە "ز"یان لە "ژ" جیا کردەوە (لە هێندی دەقدا تەنیا خاڵێک، لە دەقەکانی مانەویدا دوو خاڵ و لە

سەدەکانی دواتردا سێ خاڵ). لەو سەردەمەدا زمان و خەتێکی ستاندارد وەک ئێستا نەبوو کە لە هەموو شوێنێک بە شێوەیەکی یەکسان پەیڕەوی لێ بکرێت، خەت و تەنانەت زمانی دەقەکانی ڕۆژاوایی لەگەڵ هین ڕۆژهەڵاتیدا جیاوازییان هەیە.

بەڵام بەگشتی هەبوونی هەڵە لە نووسین و لە داڕشتندا لە نێو دەقەکانی پەهلەویدا شتێکی نائاسایی نییە. هەموو نووسەرانی پەهلەوی نووسەری بەتوانا و شارەزا نەبووەن، گەلێک لە دەقەکانی پەهلەوی مەلاکانی زەردەشتی نووسیویانە کە وەک کورد دەڵێت "کوڵکە مەلا" بووەن و نووسراوەکانیان پڕە لە هەڵە کە هەر ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە خوێندنەوە و وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەقانە زۆر دژوارتر بن.

ئەڵبەتە بەگشتی وشەیەک بەهەڵەنووسین لە دەقێکدا بۆ نووسەرانی شارەزا و بەتواناش شتێکی سەیر نییە، هەر بۆیەش ئەمڕۆکە نووسەرانی زۆر بەناوبانگیش بەر لەوەی کە کتیبەکانیان چاپ بکەن بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و نووسینی باشتر دەیدەن دەست کەسانی پسپۆڕ بۆ پێداچوونەوە. تەنانەت خۆدی ئەم بەڕێزەیش (شاهۆ عەبدی) لە وتارەکەی خۆیدا تووشی چەنە هەڵەیەک لە نووسیندا بووە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٩ لە ژێر وێنەی پەهلەوی هەڵبەستەکەدا، سەرچاوەی شیعرەکەی وەک (صفی زاده ١٣٨٧: ١٨٩) نووسیوە کە هەڵەیە و دروستەکەی  دەبێ (صفی زاده ١٣٧٨: ١٨٩) بێت. لە لاپەڕەی ٢٥دا وەها نووسراوە: ("سعید خان نیز شواهدی را از خود بجای گذاشته که نمی توان "**نسب**" بەآن بی تفاوت بود). هەروەها لە هەموو دەقەکەدا ناوی حوزنی موکریانی بە فارسی وەک "مکریانی" نووسراو کە دروستە، بەڵام لە لاپەڕەی ٢٦ دا بە شێوە کوردی وەک "موکریانی" نووسراوە. دیسان لە لاپەڕەی ٢٦دا لە دێرەکانی دوایی نووسراەکەدا لە باتی وشەی (مغرضانه) وشەکە وەک (مغرزانه) نووسراوە کە هەڵەیە. ئەڵبەتە پێویستە ئەوەش بێژم کە ئەم هەڵە بچووکانە نیشانەی ئەوە نییە کە بەڕێز شاهۆ شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی فارسیدا نییە، بەڵکوو تەنیا نیشانەی ئەمەیە کە هەڵە لە نووسیندا شتێکی سەیر نییە بە تایبەتی لە دەقەکانی پەهلەویدا کە زۆر جار دەبیندرێت.

لەوە دەچێ کە شاهۆ عەبدی لە لاپەڕەی ٢٣دا ئیتر وازی لە گەڕان و پشکنینی خۆی بۆ دۆزینەوەی جیاوازی و دژبەری لە گێڕانەوەکاندا هێناوە و لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە دوو خاڵدا کۆ دەکاتەوە:

"بە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەی داستانی دۆزینەوەی پێستەکە لە کۆتاییدا بۆ سەعیدخانی کوردستانی و حوزنی موکریانی دەگەڕێتەوە و هیچکام لەم دووانەش و هەروەها سەرچاوەکانی دیکەش بەڵگەیەکیان سەبارەت بەم بابەتە پێشکەش نەکردووە و کەسانێک وەک سەفیزادەش کە وا وتوویانە وێنەیان لێ هەیە، کە چی ئەوەش هێشتا هەر لە ئاستی قسەدا ماوەتەوە . . . ئەو باسانەی کە وا قسەی لێ کرا، دەکرێت لە دوو خاڵدا کۆ بکرێتەوە:

- **ئەو کەسەی وا شیعرەکەی هۆنیوەتەوە لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنایی نەبووە.**
- **ئەو کەسەی وا دەقەکەی بە خەتی پەهلەوی نووسیوە لەگەڵ خەتناسیدا ئاشنایی نەبووە (عبدی، ٢٠١٨: ٢٣)".**

- جیاواز لەوەی کە ئەم هۆنراوەیە ساختەیە یان نە، بەڵام ئەم دوو خاڵە وەک دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی زۆر سەیر و جێگای سرنجە. دەرەنجامێکی تەواو دڵخۆازانە و پەرت کە تەنانەت هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتانەی کە نووسەر بۆ خۆی داویەتە بەر لێکۆڵینەوە نییە و لەگەڵ ڕاستییەکانیشدا یەک ناگرێتەوە و لە بنەڕەتدا بە تەواوی هەڵەیە. لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە گۆڕێ:

یەکەم، کێ قسەی وای کردووە و وتوویەتی کە ئەم شاعێرە زمانناس بووە؟ کێ دەڵێت کە شاعێر دەبێ لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنایی هەبێت؟ بۆچی شاعێر دەبێ زمانناس بێت؟ ئایا فێردەوسی، سەعدی، شاملوو و فەرۆخزاد زمانناس بوون؟ ئایا وەفایی و مەولەوی و خانای قوبادی لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنا بوون؟ زمانناسی زانستێکی زۆر تازەیە، تەمەنی زمانناسی ناگاتە سەد ساڵ، بۆچی دەبێ شاعێرێک کە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر شیعرێکی هۆنیوەتەوە لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنایی هەبێت؟

دووەم، ڕاستەکەی من لە خاڵی دووەمی نووسەر تێ ناگەم کە مەبەستی چییە؟ ئەم دەرەنجامە (ذهنی)یە لە بەرانبەر کام قسە و کام بۆچوونەوە هاتووە؟ کێ وتوویەتی کە ئەو کەسەی ئەم دەقەی نووسیوە "خەتناس" بووە یان لەگەڵ خەتناسیدا ئاشنایی هەبووە؟ بەگشتی بۆ دەبێ کەسێک کە ئەم شیعرەی نووسیوە لەگەڵ خەتناسیدا ئاشنایی هەبێ؟ خەتناسی چ پەیوەندییەکی بەم دەقەوە هەیە ئەویش لەو کات و ساتەدا؟

ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە ئەم هۆنراوەیە بە خەتی پەهلەوی نەنووسراوەتەوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەم دەقە وا لە کتێبەکەی د. سەدیقی سەفیزادەدا هاتووە بە خەتێکی باش و بە

ئەلفبێیەکی فرە خاسی پەهلەوی نووسراوە کە بە بەراورد لەگەڵ زۆر دەقی تری پەهلەویدا کەمترین هەڵەی تێدایە. ئەی مەگەر بەهار و یاسەمی کە هەردووکیان لە مامۆستاکانی زمانی پەهلەوی بوون ئەم دەقەیان وەرنەگێڕاوەتەوە و بڵاویان نەکردوەتەوە؟ ئەی مەگەر ئارەشی موفاخێریش نەیخوێندوەتەوە و دەنگنووسی بۆ نەکردووە؟ ئەگەر نووسەر بەڵگەی وای هەیە کە نیشان دەدات کە ئەم نووسراوەیە خەتی پەهلەوی نییە، دەتوانێ بە ئاشکرایی بینووسێت و باسی بکات.

لە دوواییدا شاهۆ عەبدی خۆی لە شوێنی دادوەرێکدا دەبینێتەوە و بە هۆی ئەو جیاوازییانە کە لە وەرگێڕانەکاندا هەیە و بە هۆی ئەو ناکۆکییانە کە لە گێڕانەوەکانی ئەم و ئەودا هەیە کە لێرە باسی لێ کرا، ئەمجا بڕیار دەردەکات و تاوانبارانی سەرەکی دەستنیشان دەکات، ئەو لە لاپەڕەی ٢٥دا وەهای نووسیوە:

"بەپێی ئەوبەڵگە و نیشانەگەلە، ئەم هەڵبەستە یان سەعیدخان و یان حوزنی موکریانی هۆنیویانەتەوە. حوزنی موکریانی لەبەر ئەوەی لە **گێرانەوەیەکی** خۆیدا وتوویەتی کە خۆی پێستەکەی دۆزیوەتەوە و هەروەها لە نووسراوەکانیدا بۆ سەلماندنی هێندێ بابەت لە کتێبێک وەک "شانامەیە نەوبەخت" کەڵکی وەرگرتووە و لەم کتێبەشدا بابەتگەلی لە چەشنی ئەو **چیرۆکەی** وا لە شیعری هۆرمزگاندا هاتووە کەم نییە، بۆیە دەتوانین بڵێن کە بە **ئەگەرێکی** زۆر ئەو کەسەی کە ئەم هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە **ئەو** بووە، (عبدی، ٢٠١٨: ٢٥)".

لێرەدا وا دیارە کە تاوانباری سەرەکی (حوزنی موکریانی) دەستنیشان کراوە. ئەڵبەتە من (نووسەری ئەم وتارە) پێم وایە کە حوزنی موکریانی نەک تەنیا لە تواناییدا نەبووە کە دێڕە شیعرێکیش بە شێوازی "گۆرانی/ هەورامی" بڵێت، بەڵکوو تەنانەت خوێندنەوە و تێگەیشتنی هۆنراوەکانی هەورامیش (گۆرانی) بۆی زۆر دژوار بووە.

بەڵام شاهۆ عەبدی هەر بە دوای ناساندنی حوزنی موکریانی وەک تاوانباری سەرەکی درێژە بە نووسینەکەی خۆی داوە و نووسیویەتی :

"بەڵام سەعیدخانیش هێندێ شوێنپێ گوماناوی لە خۆی بەجێ هێشتووە کە نابێ بێدەنگی لێ بکرێت. سەعیدخان بابەتێکی لەسەر قەومی بەنی ئیسرائیل نووسیوە کە لێکچوونێکی تەواوی لە باری واتاوە لەگەڵ هۆنراوەی "هۆرمزگان"دا هەیە: "خدا بخت النصر کیانا وقار/ شاران

خاپور کرد تا اورشلیم شار/ ملک یهوداش تمام کرد خاپور/ .../ اولاد داود جه شازادگان/ بین غلام بچه پی کلدانیان. (عبدی، ٢٠١٨: ٢٥)".

ئەڵبەتە لەوە ناچێت کە ئەم شیعرە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ هۆنراوەی هۆرمزگاندا هەبێت، بەتایبەتی بەپێچەوانەی هەڵبەستی هۆرمزگان کە کوردییەکی زۆر ڕەسەن و پەتییە و هیچ وشەی بیانی تێدا نییە، لەم شیعرەدا ژمارەی وشە عەرەبییەکانی زیاترن لە کوردییەکانی! بەڕاستی زۆر زەحمەتە کە پشت بەم پارچە شیعرە ببسترێت وەک بەڵگەیەک بۆ ساختەبوونی شیعری هورمزگان.

بەڵام لەوە دەچێ کە د. سەعیدخان تووشی کەمتەرخەمی بووبێت و بێجگە لەو شیعرەی سەرەوە، دیسان ئاسەواری تاوانی تریشی لە خۆی بەجێ هێشتووە و شاهۆ عەبدی ئامرازەکانی ساختەکاری دۆزیوەتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە:

"لە کتێبی نەزانی سەعیدخاندا، وشەگەلێک وەک ئەوەی کە لە هەڵبەستی هۆرمزگاندا هاتووە دووپات بوونەتەوە: هون (٥ جار)، ژن (١٣ جار)، ئایر (٢ جار)، گەورە (٥ جار)، عەرەب (٢ جار)، کناچە (٤ جار)، بزوی (١ جار)، و دیل (١ جار)، (عبدی، ٢٠١٨: ٢٥)".

"ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبی سەرەنجام و ئەو لێکچوونانە کە سەفیزادە بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتی هۆرمزگان هێناویەتەوە، دەتوانین بڵێین کە **ئەگەری** هەیە کە ئەوەی شیعری هۆرمزگانی هۆنیوەتەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبی سەرەنجامدا هەبووە و بە **ئەگەرێکی زۆر** لە ژێر کاریگەری هۆنراوەکانی سەردەمی "عابدین جاف"دا شیعری هۆرمزگانی هۆنیوەتەوە و لە وشەکانیشی کەڵکی وەرگرتووە، (عبدی، ٢٠١٨: ٢٦)".

بەڵام وا دیارە کە بەڵگەکانی تاوان و پێشینەی تاوانباری د. سەعید زۆر زیاترە لەمانەی وا باسی لێ کرا. شاهۆ عەبدی بەم شێوەیە بە نووسینەکەی خۆی درێژەی داوە:

"بێجگە لەم بابەتانە کە باسی کرا، ئاشنایی سەعیدخان لەگەڵ بەڵگە کۆنەکاندا (اسناد قدیم) بەتایبەت ئەو سێ قەباڵەیە کە لە هەوراماندا دەستی کەوت و ئەو لەگەڵ خۆیدا بردیانی بۆ لەندەن دەتواندرێت لەبەرچاو بگیردرێت، (عبدی، ٢٠١٨: ٢٦)".

براستی تۆ بڵێی مەبەستی نووسەر لەم قسەیە چی بێت؟ ئەم سێ بەڵگەیە کە د. سەعید لەگەڵ خۆی بردنی بۆ ئوروپا، سێ قەباڵە بوون کە دووانیان بە خەت و زمانی یۆنانی کۆن بوون و سێیەمەکەشیان قەباڵەیەک بوو بە زمانی کوردیی میانی (کوردی لە سەردەمی

ئەشکانییەکاندا) کە بە خەتی ئارامی نووسرا بوو. تۆ بڵێی ئەم سێ قەباڵەیە چ پارمەتی و شارەزاییەکیان بە د. سەعید دابووبێت بۆ کاری ساختەگەری کە ئێستا ئاشنایی ئەو لەگەڵ ئەم قەباڵانانەدا دەبێ وەک پێشینەی تاوانباری بۆی لەبەرچاو بگیردرێت؟

ئەم کارەی د. سەعید کە ئەم بەڵگە مێژوویانەی گەیاندووەتە دەستی پسپۆڕان و بێ هیچ چاوەڕوانیێک و پاداشتێک مافی هەڵگرتنیانی داوەتە مۆزەخانەی لەندەن و بووەتە هۆی ئەوەی کە لە مەترسی لەناوچوون ڕزگاریان بکات، ئێستا دەبێ وەک پێشینەی تاوانباری بۆی لەبەرچاو بگێردرێت؟

پڕ بەدڵ ئارەزووم دەکرد کە شاهۆ عەبدی ئەم دێڕانەی نەنووسیبایت. ئەمە ئیتر نە ڕەخنەی ئەدەبییە و نەیش زمانناسی، ئەمە پاپۆش دروست کردن و تۆمەت لێ دانە، ئەویش بە خراپترین شێوە بۆ کەسێک کە خۆی لە ژیاندا نەماوە هەتا بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا. ئەو کردارە جوانانەی د. سەعید کە نیشانەی پاکی و دڵسۆزیە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و کەلەپووری وڵاتەکەی ئێستا بۆی کراوەتە پێشینەی تاوان!

هەرچەند شاهۆ عەبدی هەر لەسەرەتاوە دەیزانی کە ئەم هۆنراوەیە ساختەیە و دەیشیزانی کە کاری کێیە، بەڵام ئێستا کە تۆمەتباران دەستیشان کراون و ئامراز و بەڵگەکانی تاوانیش ڕوون و ئاشکران، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە دادوەر بڕیاری کۆتایی خۆی دەرکات و دۆسییەکەش (پرونده) دابخات.

"بە هەر حاڵ ئەوەی کە ڕوونە، ئەمەیە کە سەعیدخان توانایی هۆنینەوەی شیعری بە شێوەی هۆرمزگان زۆر زیاتر بووە لە حوزنی موکریانی و کەم تا کورتێکیش واتاکانی ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی د. سەعیدا دێتەوە و بە **ئەگەرێکی زۆر** ئەم هۆنراوەیە ئەو هۆنیویەتەوە و قسەکانی حوزنی موکریانی سەبارەت بە دۆزینەوەی پێستەکە هەر قسە بووە. **ئەڵبەتە دەگونجێتیش کە کارێکی هاوبەشی هەردووکیان بووبێت.**

کێ ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە گرینگێکی وای نییە، ئەوەی کە گرینگە ئەمەیە کە ئەم شیعرە ساختەیە و بەهیچ جۆرێک جێگای باوەڕ نییە. پێشینیانی ئێمە بە دروست یان بە هەڵە، دڵسۆزانە یان لە ڕووی کینەوە ئەم شیعرەیان دروست کردووە و گێڕاویانەتەوە، ئێمەش بۆ ماوەیەکی درێژ دووپاتمان کردووەتەوە، **بەڵام ئێستا ئیتر کاتی هاتووە کە وازی لێ بێنین و نەیکەینە بەڵگە بۆ خۆمان،** (عبدی، ٢٠١٨: ٢٦)".

که وابـوو لێـرەدا چارەنووسـی دوو کەس لە تۆمەتبـاران د. سـەعیدخانی کوردسـتانی و حـوزنی موکریانی  بەپێی بەڵگەکان و ئەگەرەکان وەک ساختەکار و تاوانبار لە لایەن شـاهۆ عەبـدییەوە دەستنیشـان کـراون، بەڵام چارەنووسـی ئەو دووانەکەی دیـکە ڕەشـیدی یاسـەمی کە دەقەکەی وەرگێـڕاوەتەوە و بـڵاوی کـردوەتەوە و هەروەهـا سـەدیقی سـەفیزادەش کە وێـنەی دەقە پەهلەویەکەی بڵاو کردووەتەوە، هێشتا نادیارە و هەر وەک گومانلێکراو ماونەتەوە.

## بەشی سێیەم

### دەنگنووسی و وەرگێڕانی هۆنراوەی هۆرمزگان:

گوندی جێشانە کەوتووەتە سیانزە کیلومێتری شاری سلێمانییەوە. لە نزیکی ئەم گوندەدا هەفت ئەشکەوتی زۆر کۆن هەن کە بەناوبانگترینیان ئەشکەوتی هەزار مێردە. تا ئێستا چەنـدین گـرۆ و دەستەی شوێنەوارناس پشکنین و لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەم ئەشکەوتانە ئەنجام داوە، لەوانە:

سپایزەر لە ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی (١٩٢٦ز)، دوروسی گارود لە سـالەکانی  ١٣٠٧- ١٣٠٩هەتـاوی (١٩٢٨- ١٩٣٠ز). ئەحـمەد مەهـدی لە سـاڵی ١٣٢٨ هەتـاوی (١٩٤٩ز)، کـارلینتۆن لە سـاڵی ١٣٢٨هەتاوی (١٩٤٩ز).

ئەو لێکۆڵینەوانە کە شوێنەوارناسان هەتا ئێستا کردویانە، گوایی نیشانەگەلێک لە ژیانی مـرۆڤ لەم ئەشکەوتانەدا دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێتەوە بـۆ زەمانێـک لە نێـوان ٣٠ تـا ٥٠ هەزار سـاڵ لەمەوبەر.

بەپێـی نـووسراوەکەی "بەهـار" لە گۆڤـاری "مهـر" و هەروەهـا د. سـەعیدخانی کوردسـتانی کە پێشـتر باسـی لـێ کـرا، گـوایی لە دەیەی دووهەمـی زایینـی سـەدەی ڕابـردوودا لە یەکـێ لەم ئەشکەوتانەدا پارچە پێستێک دۆزراوەتەوە کە پاشان جەوانێکی ئینگلیـزی ئەم پـارچە پێسـتەی لە کرێکارێکی کورد دەکڕێ و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ لەندەن. ئەم جەوانە کـاتێ کە دەگـاتەوە لەندەن وێنەیەک لەم پێستە کە نووسراوەیەکی لەسەر بـووە لە گوڤـاری "ڕۆژهەڵاتـی نزیـک"دا بڵاو کردووەتەوە، ئەو نووسراوەیە کە لەسەر پێسـتەکە بـووە هەر ئەم هـۆنراوەیە کە ئێسـتا بە ناوی هەڵبەستی "هۆزمزگان" ناوی دەرکردووە.

د. سەعیدخانی کوردستانی کە لەو کـاتەدا لە لەنـدەن بـووە، هەر ئەو کـارەی کـردووە کە هەر کەسێکی ژێر و دڵسۆز دەبووای کردبایەتی. د. سەعید چەند نوسخە لە ڕۆژنامەکە لەگەڵ خـۆی

دێنێـتەوە بـۆ ئێـران و دەیـان گەینێـتە دەسـتی پسـپۆڕان و مامۆسـتایان زمـانی پەهـلەوی کە یەکێکیان (ملک الشعرای بهار) بووە و ئەوی دیکەشیان ڕەشیدی یاسەمی.

هەر وەک پێشـتر باسـی لـێ کـرا، "بەهـار" ئەم هەڵبەسـتە دەنگنووسـی دەکـات و دوکتـور سەعیدیش یـارمەتی دەدات و وەری دەگێـڕێتەوە سـەر زمـانی فارسـی. بەهـار لە سـاڵی ١٣١٦ هەتاوی (١٩٣٧ز) ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری "مهر" بڵاو دەکاتەوە. ڕەشـید یاسـەمیش دوو سـاڵ پاشتر لە ساڵی ١٣١٨ هەتاوی (١٩٣٩ز) دەنگنووسـی و وەرگێڕانێکـی سـەربەخۆ بـۆ هـۆنراوەکە دەکات و لە کتێبی "کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" بڵاوی دەکاتەوە.

**ئێستا ئەگەر کەسانێک هەن کە (ملک الشعرای بهار) و ڕشیدی یاسەمی بە کەسـانێکی گەوج و ساویلکە دەزانن کە بێ ئەوەی دەقی پەهـلەوی شـیعرەکەیان دیبووبێـت و هەر بە دیتنـی پـارچە شـیعرێک لە دەسـتی د. سـەعید، ئیـتر فریویـان خـوارد و نەیـانتوانی خەت و زمـانی شیعرەکە بناسنەوە، ئەمە بۆ خۆی سادە ئەندیشییە.**


لە ساڵێ ١٣١٦ هەتاوی (١٩٣٧ز) "حوسەین شەکیبا (حسین شکیبا) سەرۆکی (معارف و اوقـاف کُردسـتان) لە سـاڵنامەی "معـارف کُردسـتان" نـاوی ئەو کەسـەی کە پێسـتەکەی دۆزیـوەتەوە هێناوە، ئەو لە ساڵنامەکەدا وەهای نووسیوە:

"چەند ساڵ لەمەوپێش هـۆنراوەیەکی کـوردی کە لەسـەر پێسـتی ئـاهو و بە خەتـی پەهـلەوی نووسراوە، لە لایەن کەسـێکەوە بە نـاوی (ضـیاءالدین) لە سلێمانی دۆزراوەتەوە و وا دیـارە کە داسـتانی هێرشـی عەرەبەکـان بـۆ سـەر ئێـران دەگێـڕێتەوە، بەڵام سـەرەتاکەی و کۆتـایەکەی بەدەست نەکەوتووە، بۆیە لەم ڕووەوە تووشی کورتی هاتووە [ . . . ] ئەم هەڵبەستانە بە هۆی زانای بەڕێز ئاغای (مهدی فرهپور) ئەنـدامی مەعـاریفی کرماشـان بە دەسـتی مـن گەیشـتووە، شـــکیبا ١٣١٦:١٥)"[17]. ئەو شـــیعرەی کە شـــەکیبا لە گۆڤـــارەکەدا هێنـــاویەتەوە هەمـــان دەنگنووسییەکەی (آوانویسی) بەهارە لە هۆنراوەکە.

ئایا ئەم پێستەنووسە ڕەسەنە یان خۆ کـوپی کـراوە و یـان لە کـوێ ڕاگیـراوە هەتـا ئێسـتا هـیچ زانیـارییەک وا لەبەر دەسـتدا نیـیە. بەڵام وێـنەیەک لە دەقە پەهلەویـیەکەی لە کتێبەکـانی "مێژووی وێژەی کوردی، (سەفی زادە، ٢٠٠٨: ٣٨)" و هەروەها " تاریخ کُرد و کُردسـتان (صـفی زادە، ١٣٧٨: ١٨٩)" بڵاو کـراوەتەوە. وەلـێ بەداخەوە سـەفیزادە هـیچ سـەرچاوەیەکی بـۆ ئەم

[17] شاهو عبدی (٢٠١٨). هورمزگان ڕمان ئاتەران کوژان، هایا، وەرزنامەی فەرهەنگی، ژمارەی ٢١ و ٢٢، ل.پ ٦.

وێنەیە دیاری نەکردووە و نەینووسیوە کە ئایا ئەم وێنەیە لە هەمان نوسخەی ڕۆژنامەکەی "ڕۆژهەڵاتی نزیک" وەرگیراوە یان لە سەرچاوەیەکی تر. ئەو وێنەیە کە لە لایەن سەفیزادەوە بڵاو کراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



(سەفیزادە ٢٠٠٨: ٣٨)

ئەم دەنگنووسی و وەرگێڕانە کە لە خوارەوە پێشکەش دەکرێت، لەبەر وێنەی ئەم دەقە پەهلەوییەی سەرەوە نووسراوە. بۆ ئەوەی کە خوێندنەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە پەهلەوییەکە و هەروەها وەرگێڕانەکانی تر ئاسانتر بێت، منیش دەنگنووسی و وەرگێڕانەکەی لە هەشت "باڵ (مصرع)"دا دەنووسمەوە:

## دەنگنووسی بە ئەلفبێی لاتین:

1) hormizgan rimān — ātirān kužān
2) wēšān šardawa — gawra gawrakān
3) zōrkārī arab — kirdna xāpūr
4) gnān pālāī — hatā šārazūr
5) žan u kanikān — wa dīl bašinā
6) mērd āzā tili — wa ruy hūinā
7) rawšt zartuštra — mānawa bē das
8) bazaīkā nekā — hormiz wa hwēč kas

### دەنگنووسی بە ئەلفبێی کوردی:

| | |
|---|---|
| ١) هۆرمزگان ڕمان | ئاتەران کوژان |
| ٢) وێشان شاردەوە | گەورە گەورەکان |
| ٣) زۆرکاری ئەرەب | کردنە خاپوور |
| ٤) گنان پاڵای | هەتا شارەزۆر |
| ٥) ژن و کەنیکان | وە دیل بشینا |
| ٦) مێرد ئازا تلی | وە ڕوی هوێنا |
| ٧) ڕەوشت زەڕتوشترا | مانەوە بێ دەس |
| ٨) بەزێکا نێکا | هۆرمز وە هویچ کەس |

### واتای وشەکان:

**hormizgan** (**هۆرمزگان**): وشەیەکی داڕێژراوە، پێک هاتووە لە وشەی "هۆرمز"(یەزدان)+"گا" (پاشگری شوێن)+ ان (نیشانەی کۆ)، بە واتای هۆرمزکەدەکان یان هۆرمزگەکان (پەرستشگاکان). ئەم وشەیە وەها گۆڕان بەسەریدا هاتووە: ئاسۆرامەزدا (سانسکریتی)، ئاهۆرامەزدا (ئەوێستایی)، ئۆرمزد (پارتی)، هۆرمزد (پەهلەویی ساسانی)، هۆرمز/ ورمز (کوردی).

**rimān** (**رمان**): بە واتای "ڕووخان". لە چاوگی "ڕماندن" لە کوردیدا بە گشتی، لە چاوگی "ڕمانای" لە کوردیی هەورامیدا.

**ātirān (ئاتەران):** بە واتـای ئاگرەکـان، لە وشـەی "ئـاتەر" + ان (نیشـانەی کـۆ)، لە پەهلەویـی ئەشکانیدا وەک ئاتەر (ātir)[18] و لە پەهلەویی ساسـانیدا وەک ئـاتور، ئـاتەخش (ātaxš, ātur) هاتووە. لە زمانی کوردیدا بە شێوەی "ئاگر، ئاور، ئاتەر، ئاهێر و ئاتەش"[19] گۆ دەکرێت.

**kužān (کوژان)**[20]: بە واتای کوژانەوە، خامۆش کردن هەروەها بەواتای کوشتن.

**wēšān (وێشان):** بە واتای خۆیشیان، جێناوی هاوبەشی سێیەم کەسی کۆ.

**šardawa (شاردەوە):** هەر بە واتای شاردەوە.

**gawra (گەورە):** بە واتـــای گەورە/ مەزن. ئەم وشـــەیە هاوڕیشـــەیە لەگەڵ وشـــەی "گـــورو (guru)"[21] لە زمانی سانسکریتیدا بە هەمان واتای گەورە.

**gawrakān (گەورەکان):** کۆی وشەی گەورە، گەورەی گەورەکان لێرەدا دەتوانی یان مەبەسـتی لە شای شاکان و یان گەورەی مۆغانی زەڕدەشتی بێت.

**zōrkār (زۆرکار):** بە واتای "ستەمکارە". ئارەشی موفاخێر لەسەر ئەم وشەیە وەهـای نووسـیوە: zōr+kār+ī: زشت کاری، در فارسی باستان zûrakara: زشت کار.

DB IV, 64: naiy zûrakara āham naiy . . . (من زشت کار نبودم)

DB IV, 68: hyavā zûrakara ahatiy avaiy mā dauštā

آن کە زشت کار باشد، دوست آنان مباش (kent, 1953: 129)، (آرش مفاخر، ١٣٨٩: ١٨-١٧)".

---

[18] فرهنگ فارسی بە پهلوی، د. فرەوشی، چاپ سوم ١٣٨١ ص ٤.

[19] هەنبانە بۆرینە فەرهنگ کُردی –فارسی، هەژار، ١٣٦٨جلد یکم، ص ١. همچنین فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ ١.

[20] هەنبانە بۆرینە فەرهنگ کُردی –فارسی، هەژار، ١٣٦٨جلد یکم، ص ٦٣٤.

[21] guru - KST (Online Sanskrit Dictionary)
Sanskrit - Dictionary (learnsanskrit.cc)
Guru: English Translation of the Sanskrit word: Guru-- Sanskrit Dictionary

**kirdna (کردنە):** بە واتای کردیان، وشەیەکی کوردیی هەورامییە لە چاوگی "کردای" هەورامی.

**xāpūr (خاپوور):** بە واتای خاپوور و وێرانە. ڕوون نییە کە ئەم وشەیە لەو سەردەمەدا چۆن گۆ کراوە، چونکە دەکرێت وەک "هاپوور"یش بخوێندرێتەوە، هەروەک پێشتر باسی لێ کرا لە پەهلەویدا بۆ سێ پیتی "ا" و "خ" و "ه " هەر تەنیا نیشانەیەک وەک "ــــ" بەکار دێت.

**gnān (گنان):** وشەیەکی کوردیی هەورامی بە واتای "کەوتن"، چاوگی ئەم وشەیە لە هەورامیدا "گنای(gnāy)"یە. گەردان کردنی ئەم وشەیە لە هەورامیدا وەهایە:

گنو (کەوتم) گنمێ (کەوتین)

گنی (کەوتی) گندێ (کەوتن)

گنۆ (کەوت) گنان (کەوتن)

ئەم وشەیە لە سروودەکانی شاعێرانی یارسانیدا گەلێ جار هاتووە، بۆ نموونە لە هەڵبەستێکی "پیر تەیمووری هەورامی" کە لە ساڵی (١٣٨٠ز) کۆچی دوایی کردووە"[22]:

ئەو شارەزووری، ئەو شارەزووری بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری

مێردان جەم بوان گرد وە رووسووری **بگندی** وە شوون پیر و سەبووری

واتاکەی:

(لەو شارەزوورە، لەو شارەزوورە شای من بارگای خۆی داناوە لەو شارەزوورە

مێردان کۆ ببنەوە گشتان بە ڕووسووری **بکەونە** شوێن پیر بە سەبووری)

ئەم دوو هۆنراوەشە لە هەڵبەستەکانی "سەیدی هەورامییە"[23]:

چەند واتم بە عەشق بارگەی ئیمامان مەگنەوە سەودای نەوتوول نەمامان

واتاکەی:

[22] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ٧٧.
[23] دیوانی صەیدی (سەیدی)، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی، ١٩٧١ زایینی.

(چەندم وت سوێند بە عەشقی گۆڕی ئیمامان   نەکەویتە سەودای عەشقی جەوانان)

مەجنون هۆر گێراو ئاما بە شیتاب   **گنا** نە خەیاڵ کارسازی کەباب

واتاکەی:

(مەجنون هەڵی گرت و بەخێرایی هات   کەوتە خەیاڵ دروستکردنی کەباب)

بەداخەوە ئەو لێکۆڵەرانە وا پێشتر ئەم دەقەیان وەرگێڕاوەتەوە، بە هەڵە ئەم وشەیان وەک "گوند" بە واتای "دێ" وەرگێڕاوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا زۆر بەڕوونی دیارە کە ئەم وشەیە "گنان"ە، تەنانەت (ملک الشعری بهار)یش وەک "گنانی" و ڕەشید یاسەمیش وەک "گنای" دەنگنووسیان بۆ وشەکە کردووە.

هەر وەک پێشتریش باسی کرا ئەم وشەیە بە واتای "کەوتن"ە، بەڵام کەوتن هەم لە کوردیدا و هەمیش لە فارسید زۆر واتای جۆربەجۆر دەگەینێ، بۆ نموونە:

نەخۆش کەوتن، بەزەحمەت کەوتن، کەوتنەدڵ (حەز لێ کردن)، کەوتنە تکا (پاڕانەوە)، شوێن کەوتن، گیر کەوتن، لە پا کەوتن، کەوتنە تۆڕ، کەوتنە خەو، بەخەیال کەوتن، کەوتنە گیانی (لێیان دا)، بەگومان کەوتن، **کەوتنە شار (شاریان داگیر کرد)، بەغدا و سامەرە کەوتن ( تووشی شکان هاتن).**

لێرەشدا وشەی "گنان" دەکرێ بە دوو جۆر بخوێندرێتەوە و مانا بکرێتەوە:

یەکەم: بە واتای داگیرکردن، بۆ نموونە: سەربازەکانی دوژمن کەوتنە شار، کەوتنە بازار، کەوتنە کۆڵان، کەوتنە ماڵان، لەم دۆخەدا "ن" دوایی وشەکە دەبێت بزرۆکەیەکی هەبێت کە لە خەتی پەهلەویدا نیشانەی وا نییە.

دووەم: بە واتای شکان و کەوتن (سقوط)، وەک: حکومەت کەوت، هێزەکانی دوژمن کەوتن، بەغدا و سامەرە کەوتن (تووشی شکان هاتن).

بەپێی ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە باڵەکانی ٣ و ٤ دەکرێت ئاوا وەربگێڕدرێتەوە:

(١) زۆرکاری عەرەب کردنە خاپوور کەوتنە پاڵە هەتا شارەزوور

و یان بە شێوەی خوارەوە:

(٢)زۆرکاری عەرەب کردنە خاپوور کەوتن پاڵە هەتا شارەزوور

**pālāī (پاڵەی):** ئەم وشەیە لەم دەقەدا دەکرێت هەم وەک "پاڵە" بخوێندرێتەوە و هەم وەک پهڵە. ئەوەی کە ڕوونە مەبەست لە "پاڵە" نێوی شوێنێکە. تێگەیشتنی جۆراوجۆر لەسەر ناوی "پاڵە" هەیە. فەریدونی جونەیدی (فریدون جنیدی) لە کتێبی " نامە پهلوانی"[24]سەبارەت بەم ناوە وەهای نووسیوە: "دەستەیەک لە نووسەرانی پاش ئیسلام دەڵێن پەهلە ناوی پێنج شارستانی ئازەربایجان، هەمەدان، ماەی نەهاوەند، ڕەی و ئیسفەهان بووە. لە لایەکی دیکەشەوە سروودگەل و گۆرانیگەلێکی زۆر لەسەردەمی پاش ئیسلام لە سەرزەمینی ماد واتا ئازەربایجان، هەمەدان و لوڕستان باوە بووە کە بەنێوی فهلەویات ناوبانگی دەرکردووە، (جنیدی، ١٣٦٠: ١١).

بەپێی ناوەڕۆکی هۆنراوەکە وا دیارە کە مەبەست لە پاڵە/پەهڵە لەم دەقەدا هەر ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژاوای ئێران بێت کە بریتی بوون لە هەمەدان و ئازەربایجان و کوردستان و کرماشان و لوڕستان و ئیلام کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە "پەهڵە" ناویان لێ بردووە. ناوچەی شارەزووریش هەر وا کە پێشتر باسی کرا، زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق دەگرێتەوە. گنان پاڵە هەتا شارەزوور مەبەست ئەوەیە کە لەشکری عەرەب کەوتنە نێو پاڵە هەتا شارەزوور واتا داگیریان کرد هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژاوای کوردستان، یان دەکرێ بە جورێکی تریش بخوێندرێتەوە وەک کەوتن پاڵە هەتا شارەزوور.

**hatā (هەتا):** ئامرازی پەیوەندییە لە زمانی کوردیدا کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی "تا" لە زمانی فارسیدا. لە کرمانجیدا هەم بە شێوەی هەتا گۆ دەکرێ و هەم بە شێوەی "هەیا"[25]. لە زمانی ئەوێستایی بە شێوەی "hyat̲"[26] و لە زمانی فارسی باستاندا وەک "ўātā"[27]و لە زمانی پەهلەویی ئەشکانیدا وەک "yaδ"[28] و لە پەهلەویی ساسانیدا وەک "tāk"[29] گۆکراوە.

---

[24] فریدون جنیدی، نامه پهلوانی، چاپ نخست تهران ١٣٦٠.
[25] فەرهەنگا کانی، جگەرسۆز، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩ ص ٥٩٩.

[26] Old Iranian Online (utexas.edu)

**šārazūr (شـارەزوور):** بەشـێکی زۆر لە ناوچەکـانی کوردسـتان کە بـریتییە لە مەڵبەنـدەکانی کەرکووک و بەشێک لە سلێمانی و گەرمیان و دیالە. (لەسەر ئەم وشـەیە لە بەشـی دووەمـدا لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەخنەکاندا ڕوونکردنەوەی زیاتر هاتووە).

**žan (ژن):** وشـەیەکی کـوردییە، لە زمـانی پەهلەویـی ئەشـکانیدا ژن (žan)[30]، لە ئەوێسـتاییدا "جینەیا (Jenaya)"[31] و زمانی کوردیی زازاکیشدا وەک "جینی (Jeniye)"[32] گۆ دەکرێت.

**kanikān (کەنیکـان):** بە واتـای کچەکـان، نـاوی کـۆیە (kanik+ān)، لە ئەوێسـتاییدا وەک "kanyā"[33] و لە زمـانی پارتیـدا وەک "kanig, kanik"[34] و لە پەهلەویـی ساسـانیدا وەک "kanik, kanič, kanēčak"[35] هـاتووە. لە کوردیـدا بە شـێوەی جۆراوجـۆر وەک kič (کـچ)، kanišk (کەنیشک)، kinače (کناچە) و kinā (کنا) گۆ دەکرێت.

**wa (وە):** ئامرازی پەیوەندییە بەرانبەرە لەگەڵ "بە" لە زمـانی فارسـیدا، لە پـارتی و پەهلەویـی ساسانیش هەر**"وە"** بەکار هاتووە.

**dīl (دیل):** ئەمە وشەیەکی کوردییە بە واتـای (اسـیر)ە. لە هەمـوو شـێوە زارەکـانی کوردیـدا و تەنانەت لە زمانی لوڕیشـدا هەر وەک "دیـل" گـۆ دەکرێـت. (ڕوونکـردنەوەی زیـاتر لە بەشـی یەکەم، وەرگێڕانی سێیەمدا هاتووە).

---

[27] آرش اکبری مفاخر، بهار ۱۳۸۹. سرود ورمزگان، مجله مطالعاتی ایرانی، دانشکده ادبیات، دانشگاه باهنر کرمان، شمارەی ۱۷، ص ۱۹.

[28] دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی، چاپ اول، تهران ۱۳۸۱ ص ۱۱۹.

[29] فرهنگ فارسی به پهلوی، د.بهرام فرەوشی، تهران ۱۳۸۱ص ۱۲۸.

[30] فرهنگ فارسی به پهلوی، د.بهرام فرەوشی، تهران ۱۳۸۱ص ۲۸٤، همچنین دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی، تهران ۱۳۸۱، ص ۸۲.

[31] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

[32] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocada, Berlin 2010, l.p 762.

[33] Avesta Dictionary by K.E. Kanga (K 130).

[34] دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی، چاپ اول ۱۳۸۱ ص ۱۱۳

[35] د. بهرام فرەوشی، فرهنگ فارسی به پهلوی، تهران ۱۳۸۱،ص ۲۲٤-۲۲۵.

**bašinā (بشینا):** وشەیەکی هەورامییە لە چاوگی شیای (šīāy) بە واتای ڕۆیشتن/ چوون. لە پەهلەویی ئەشکانیدا "šaw"[36]. **هەروەها ئەم وشەیە دەتوانێت بە واتای "ناردران/هناردران"یش بێت، لە چاوگی "شیاندن (şiyandin) لە کرمانجید و شوییەنە (şawiyene) لە زازاکیدا.**

"şawiyene: şiyandin, hatine şandin, hatin hinartin"[37]

**mērd (مێرد):** بە واتای "مەرد"ە. لە پەهلەویی ئەشکانیدا (mard/mart)[38].

**āzā (ئازا):** بە واتای ئازا و دلێرە. لە پەهلەویدا وەک ئازات (āzāt).

**tili (تلی):** لە چاوگی تلیای (tilyāy) لە هەورامیدا و تلان/تلیان لە شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا.

**wa (وە):** ئامرازی پەیوەندییە لە زمانی کوردیدا بەرانبەرە لەگەڵ "بە، بر، در" لە زمانی فارسیدا.

**ruy (ڕوی):** بە واتای "ڕوی"یە.

**hūinā (هوێنا):** "هوێن" بە واتای خوێن و "ا" پاشبەندە کە بەرانبەرە لەگەل "دا" لە شێوەزارەکانی سۆرانی و کرمانجیدا.

**rawšt (ڕوەشت):** ناوی چاوگە. بەشێکی زۆر لە ناوە چاوگەکان کە لە فارسیدا "ش" دەکەوێتە پاش ڕیشەی ڕانەبردووی وشەکانەوە، لە کوردیدا "ش" دەبێتە "شت"، وەک خورشت (خورش)، ئاڕایشت (آرایش)، پەڕشت (پرش)، بڕشت (برش)، ئاڵشت (آلش)[39]، سەرزەنشت (سرزنش).

---

[36] دستور زبان پارتی، حسن رضائی باغ بیدی، چاپ اول ١٣٨١ ص ١٢٤.

[37] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocada, Berlin 2010, l.p 418.

[38] همان، ص ٥٢.

[39] ئاڵش/ ئاڵشت وشەیەکی کۆنی ئێرانییە بە واتای "گۆڕینەوە" کە بێجگە لە کوردی لە زمانی "یەغنابی"شدا کە شێوەزارەکی کۆنی زمانی سوغدییە وەک "ئالش" هەر ماوەتەوە. عەلی ڕەواقی لە وتاریکدا لە بارەی شێوازی یەغنابی (٢٩ شهریور ١٣٩٦) لە گۆڤاری "راسخون" لەسەر وشەی ئاڵش زۆر ڕۆیشتووە و چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە وەک: پیزار زری و خوش نمای خود را به بوت سادەی بی وضع **آلش** کنید. من گنجشک خودە بە هیچ چیز **آلش** نمی کنم (هلال عید از پس پنجره/ ٧٩).

دربارەی گویش یغنابی(rasekhoon.net)

**zartuštra (زراتوشترا /زراتوشتره):**

هەر وەک پێشتریش ڕوون کرایەوە پیتەکانی "ه" و "الف" لە پەهلەویدا بە شێوەی "ــــ" نیشان دەدرێت. کە وابوو ئەم وشەیە دەکرێت هەم وەک زڕاتوشترا و هەمیش وەک زڕاتوشترە بخوێندرێتەوە کە وشەیەکی ئەوێستاییە، بەداخەوە لێکۆڵەرانی بیانی تێگەیشتنێکی دروستیان لەم وشەیە نییە و وەک "خاوەنی وشتری زەرد و یان خاوەنی وشتری پیر" مانای دەکەنەوە کە هەڵەیە. واتای ڕاستی ئەم وشەیە "زەڕ شا"یە. لێرەدا ئەم بابەتە ڕوون دەکرێتەوە:

**پێکهاتەی سەرەکی فیدراسیونی هۆزەکانی ماد، شەش هۆز بوون، یەکێک لە گرینگترینی ئەوانە هۆزی موغانی مادی بوو کە ئەرکی سەرەکییان بریتی بوو لە ڕابەرایەتی ئایینی و بەڕەودان بە دینی زەڕدەشتی. مادەکان یەک زمانیان هەبوو بە دوو شێوەزاری جیاوازەوە. شێوەزاری یەکەم "شێوەزاری گشتی مادی" کە بۆ کاروباری فەرمانڕەوایی، کارگێڕی، سەربازی، بازەرگانی و هەروەها پەیوەندی نێوان هۆزەکان بەکار دەهات. شێوەزاری دووەم "شێوەزاری ئایینی مادی/ ئەوێستایی" کە شێوەزاری هۆزی موغانی مادی بوو کە تەنیا بە مەبەستی کاروباری ئایینی بەکار دەهات، کتێبی ئەوێستا بەم شێوەزارە نووسراوەتەوە بۆیە زمانی ئەوێستاییشی پێی دەڵێن. ئەم دوو شێوەزارە ئێستاش لە پاش هەزاران ساڵ لە زمانی کوردیدا بە هێندێک جیاوازییەوە هەر ماونەتەوە. شێوەزارەکانی "کرمانجی، سۆرانی و کەڵهوڕی/ فەیلی درێژەدەری شێوەزاری گشتی مادین و شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکی و لەکی درێژەدەری شێوەزاری مۆگی/ ئەوێستایین.**

**پێوەرێکی سەرەکی کە ئەم دوو شێوەزارە چ لەسەردەمی مادەکاندا و چ لە ئێستادا لەیەکیان جیا دەکاتەوە گۆکردنی پیتی "خ"ێیە لە شێوەزاری ئەوێستاییدا، بە تایبەت ئەگەر پیتی "خ"ێ پێش پیتەکانی "ۆ/ و/ وو" بکەوێ ئەوە دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشەکەدا دەگۆردرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان (ه) و ( و)دا گۆ دەکرێ، نە پیتی "ه"یە بە تەواوی و نەش پیتی "و"یە بە تەواوی، دەنگێکە لە نێوان ئەم دوو پیتەدا بەڵام زیاتر بە "و"ێ نزیکە، لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا وا باوە کە ئەم پیتە وەک " Xv یان Hv" پێشان دەدرێت، بۆ نموونە:**

| فارسی | کرمانجی/ سۆرانی/کەلهوڕی | هەورامی | ئەوێستایی |
|---|---|---|---|
| خودم | خوم/ خۆم | وێم | ویم[40] |
| خونی | خونی/ خوێنی | هونی/ونی[42] | هونی/ ونی[41] |
| خواست | خواس/ خۆاز | واس/ واز[44] | واس/ واز (vas/vaz)[43] |
| خورشید | خوەر/ خۆر | هور/ وەر[46] | هور/ وەر (hvar) [45] |
| خوش بودن | خوشیتی/خۆشیەتی | وشیتی/ وەشیەتی | هوشیتی/ وەشیتی (hušiti)[47] |
| خوردنی | خواردە/ خواردنی | وارتە/ وارتەی | وارەتا[48] |
| خشک | وشک/ حوشک | وشک[50] | هۆشک / وشک[49] |

ئێستا لە پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە با بزانین واتای وشەی زەڕاتوشترا یان زەڕائوشترا چییە؟

| فارسی | کوردی | ئەوێستایی | زمانی مادی |
|---|---|---|---|
| شاه | شا | توشترا | تخشترا |
| شاه | شا | ئوشترا/ وشترا | خشترا |
| زرشاه/ شاه زرین | زەڕشا/ زەڕین شا | زەڕا توشترا | زەڕا تخشترا |
| زر شاه/ شاه زرین | زەڕشا/ زەڕین شا | زرا وشترا/ زرا ئوشترا | زەڕا خشترا |

کە وابوو لێرەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە واتای وشەی زەڕدەشت "زەڕشا/ شای زەڕین"ە. جا ئێستا ئەگەر چاوێک لە ناوی "فراشا ئوشترا (Ferašaoštra)" یەکێ لە میوانەکانی زەڕدەشت کە لە زەماوەندی کچەکەیدا بەشداری کردووە و ناوەکەی لە "گاتای وهیشتو

---

[40] Vaêm. Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[41] Vohuni. (همان سەرچاوەی پێشوو)
[42] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۱۰۰۵
[43] vas / vaz = desire, wish/ marry, 1.87, 1.176, 3.216, Base Form Dictionary
[44] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۹۷۷
[45] hvar = 20 (G) n. Sun, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 606
[46] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۱۰۰۹.
[47] hušiti = good dwelling, comfort, safety' 2.199, 4.396, Base Form Dictionary
[48] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 141
[49] hushka = 6 (plG) dry (k601, b1839), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 601
[50] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۹۹۹.

هۆیشدێشدا"[51] هـاتووه بکەیـن، ئەم ڕاسـتییەمان جـارێکی تـر بـۆ دەسـەلمێنێ. وشـەی "فراشـا Fəraša"[52] لە ئەوێسـتاییدا بە واتـای "ڤریشـە/ وریشـە (Verišе)"یە لە کوردیـدا، (بـڕوانە بـۆ هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کُردی- فارسی هەژار، ١٩٨٩ جلد ٢ ص ٩١٠). جـا ئەگەر ئـێمەش وەک توێژەرانی بیانی ئوشترا بە واتای وشتر بزانین ئەمجا واتای نـاوی "فراشـا ئوشـترا" دبێـتە "وشـتری نورانی/ وشتری وریشەدار"، کە ناوی وا بۆ پادشا یان وەزیرێـک جێگـای بـاوەڕ نیـیە. بـۆیە هەر وەک ڕوون کرایەوە "ئوشترا" بە واتای "شا"یە و مانای نـاوەکەی دەبێـتە شـای پرشـنگدار/ شـای وریشەدار، و زەڕائوشترا/ زەڕاتوشترایش بە واتای زەڕ شایە.

**mānawa (مانەوە):** هەر بە واتای "مانەوە"یە، لە چاوگی "مەنای (manāy)" لە هەورامیدا.

**bē (بێ):** هەر بە واتای "بێ".

**das (دەس):** واتای دەست دەدات. لە زمانی کوردیی هەورامـی و هەروەهـا لە شـێوەزارەکانی باشووریدا ئەو وشەگەلە کە پیتی "س"یان هەیە ئەگەر لە پاش پیتی "س"، پیتی "ت" بێت، ئیـتر "ت" گۆ ناکرێت، بۆ نموونە:

| هورامی- کلهری- لکی | سورانی – کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕاس | ڕاست | راست |
| پەرەس | پەرەست | پرست |
| مەس | مەست | مست |
| خەس | خەست | غلیظ |
| دارسان | دارستان | درختزار/بیشه |
| بێسان | بێستان | بوستان |
| کوردسان | کوردستان | کُردستان |
| شەس | شەست | شست |
| ئەنگوس | ئەنگوست | انگشت |

[51] دیاکۆنۆڤ، مێژووی ماد وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٧٥٥.

[52] Fəraša: Shining, *Yasna* 30 -- a *gatha* about reward and punishment Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, Old Iranian Online (utexas.edu) 2012-12-02

| | | |
|---|---|---|
| دەس | دەست | دست |

**bazaīkā (بەزێکا):** بە واتای بەزەیی (ترحم).

**nekā (نێکا):** بە واتای "ناکا" ئەمە کاری سێیەم کەسی تاکە لە دۆخی ڕانەبردوودا لە چاوگی کردن.

**hormaz (هۆرمز):** بە واتای ئیزەد/ یەزدان. لە کوردیدا بەشێوەی "ورمز"یش گۆ دەکرێت.

**wa (وە):** ئامرازی پەیوەندییە، لە کوردیدا هەم وەک "وە" و هەم وەک "بە"یش گۆ دەکرێت.

**hwēč (هویچ):** بە واتای هیچ هاتووە.

**kas (کەس):** بە واتای کەس.

## وەرگێڕانی بەکوردیی ناوەندی:

١) هۆرمزگان ڕمان ئاگران کوژان

٢) خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

٣) زۆرکاری ئەرەب کردویانە خاپوور

٤) کەوتنە پاڵەی هەتا شارەزوور

٥) ژن و کچەکان بە دیل چوون/(هەناردران)

٦) مێرد ئازا تلی وە ڕوی خوێنا

٧) ڕەوشتی زەڕتوشترا مانەوە بێ دەس

٨) بەزەییەک ناکا هۆرمز بە هیچ کەس

**ئەنجامی گشتی:**

هەر بەو جۆرەی کە د. ئارەشی ئەکبەری موفاخێر لە وتارەکەی خۆیدا نووسیویەتی، ناوەڕۆکی وتارەکە و زمانی شیعرەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی. ئەو وێنەیە کە وا ئەم هۆنراوەیە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نیشانی دەدات، ڕاست یەک دەگرنەوە لەگەڵ ئەو جەنگ و کارەساتە کە لە کتێبە مێژووییەکاندا باسی لێ کراوە و بەتایبەت ئەوانەی کە لە کتێبی "تاریخ مردوخ"[53] ی ئایەتۆلای مەردۆخدا هاتوون، (مردوخ: ١٣٥١: ١٢٢-١٢٣).

شاعێر هەلومەرجی دژواری ئەو ڕۆژانەی بەچاوی خۆی دیتووە و لە ژێر کاریگەری وەها هەلومەرجێکدا ئەم هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە، دەنا بە شێوەیەکی ئاسایی لە پاش تێپەڕبوونی سەدەیەک ئیتر کارەساتە مێژووییەکان ئەو هەستیارییەی جارانیان نامێنێ و ڕووداوی دیکە و گرفتی دیکە جێگایان دەگرێتەوە. ئەمڕۆ ئیتر کەس باس لەو کوشتارە بە کۆمەڵەی کە لە "قەڵای دمدم" کراوە، ناکات و شیعری بۆ ناهۆنێتەوە.

ئەگەر ئێمە ئەم هەڵبەستە لە پاڵ هەڵبەستەکانی یارسانیدا دابنین و بەراوردیان بکەین، بۆمان دەر دەکەوێ کە لەباری زمان و شێوازەوە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی یارسانیدا یەک دەگرنەوە، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە کە زمانی ئەم هۆنراوەیە ڕەسەنترە و بەدوورە لە هەر چەشنە وشەیەکی بێگانە. بەدڵنیاییەوە دەتوانین بێژین کە زمانی ئەم هەڵبەستە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سرووودەکانی ناوچەکەدا واتا سروودەکانی یارسانی، ڕێژەی جیاوازییان هەر سێ تا چوار سەدەیە، بۆ نموونە:

هۆنراوەیەک لە بابا نجومی لوڕستانی سەدەی سێیەمی کۆچی (سەفی زادە، ٢٠٠٨: ٥٨) .

زەروان بیانی، زروان بیانی　　نە دەورەی وەرین زەروان بیانی

ئەهری و وەرمز و یاران دیانی　　کاڵای خاس یار ئەو دەم شیانی

وەرگێڕان:

زروان بووم، زروان بووم　　لە سەردەمی پیشین زروان بودم

[53] تاریخ مردوخ، آیت الله محمد مردوخ کردستانی، ١٣٥١ خورشیدی، ص (١٢٢-١٢٣).

ئەهریمەن و هۆرمز و یارانم دیت کاڵای پاکی و چاکیم ئەو دەم هەڵبژارد

نموونەیەکی دیکە: شیعرێک لە دایە تەورێزی هەورامی، سەدەی چوارمی کۆچی (سەفی زادە، ۲۰۰۸: ۷٤)

زێڵ کەران ڕەوشەن، زێڵ کەران ڕەوشەن یاران و خوەرە زێڵ کەران ڕەوشەن

سەرسپەردە بان و یاری وەشەن بسازن پەرێ وێتان یۆ جەوشەن

وەرگێڕان:

دڵ ڕۆشن بکەن، دڵ ڕۆشن بکەن یاران بەفەڕی ئێزەدی دڵ ڕۆشن بکەن

سەرسپوردەبوون بە یاری خۆشن دروست بکەن بۆ خۆتان یەک جەوشن

لە لایەکی دیکەشەوە دێرینەبوونی ژمارەیەک لە وشەکانی ئەم هەڵبەستە لەوانە: هۆرمزگان (پەهلەوی)، ئاتەران (پارتی)، کەنیکان (پارتی)، زۆرکار (فارسی کۆن/ پارتی) و زراتوشترا / زراتوشترە (ئەوێستایی/ پارتی) نیشانەی ڕەسەنایەتی هەڵبەستەکە و زمانی باوی سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەینێت. لە پاش سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچییەوە ئیتر بەشێکی زۆر لە وشەکانی پارتی و پەهلەوی یان فەرامۆش کرابوون و یان تووشی گۆڕان هاتبوون.

لەسەر خەتی ئەم هەڵبەستەش، بە جوانی دیارە کە بە خەتێکی ڕۆشن و پۆختەی پەهلەوی نووسراوەتەوە. لەسەر ئەم بابەتە دەکرێ دوو گریمانەمان هەبێ. یەکەم ئەو بۆچوونەی کە د. ئارەشی موفاخێر باسی کردووە کە دەڵێت: "ئەم هەڵبەستە گێڕانەوەیەک (روایت) بووە لە فەرهەنگی زارەکی کە دەمبەدەم گێڕدراوەتەوە و چەند سەدە پاشتر نووسراوەتەوە (آرش اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ٢٣)". بەڵام شتێک کە ئەم بۆچوونە تووشی لاوازی و گرفت دەکاتەوە، ئەمەیە کە هەر وەک باسی لێ کرا لە سەدەکانی پاشتردا گۆڕان بەسەر وشەکاندا هاتبوو و لە شێوەی زارەکیدا ئیتر خەڵک وەک جاران وشەکانیان گۆ نەدەکرد، بۆیە نووسینەوەی وشەکان بەو شێوە کۆن و دێرینەی خۆی کارێکی چاوەڕواننەکراوە و یان دەتوانین بڵێن هەر نەدەکرا.

بەڵام بە بۆچوونی من بە ئەگەرێکی زۆر ئەم پێستەنووسە، لە سەدەکانی پاشتردا لەبەر دەفتەرەشیعرێک ڕوونووسی (کوپی) کراوە و بێگومان خۆدی دەفتەرەشیعرەکە وەکوو زۆرێک

له ئاسەوارەکان و کتێبەکانی تر لەناو چووە. شێوە نووسینەوەی وشەی "ژن" بە خەتی کۆن (بێ ئەوەی کە خاڵی لەسەر بێت) دەتوانێت نیشانەیەک بێت بۆ ئەوەی کە لە ڕوی نوسخە کۆنەکە نووسرابووبێتەوە. بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە نوسخە ڕەسەنەکەی لەبەر دەستدا نییە ناکرێت زۆر بەوردی تەمەنی ئەم پێستەنووسە و ڕێکەوتی نووسراوەکە دیاری بکرێت.

لە دواییدا بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا ئاماژە بەخاڵێک بکەم. لە باری زانستییەوە هیچ شتێک ڕەها (مطلق) نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا زانستیش بە ئێمە دەڵێت کە ساختەکردنی دەقێکی وەها ناکرێت و لەگەڵ زانستدا ناگونجێت، دیاکۆنوڤ لە کتێبی مێژووی ماددا لە بارەی نووسینەوەی ئەوێستادا وەهای نووسیوە:

"بەپێی گێڕانەوەکانی زەڕدەشتی، ئەوێستا لە پێشدا پێک هاتبوو لە ٢١ نەسەک. کە بەشێک لەوانە لە کاتی داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەسکەندەرەوە لەناو چوون، ئەم گێڕانەوەیە بێ گومان ڕاستییەکی تێدایە. بەشە سەرەکییەکانی ئەوێستا بەر لە ئەسکەندەر نووسرابوونەوە، چونکە گومان ناکرێت لە پاش سەدەی چوارەمی پێش زایین زانایەک توانیبێتی شێوەی گەردانکردن و ڕێزمانی کۆن و تایبەتمەندییەکانی دەنگەکان و هەروەها تایبەتمەندیگەلی تری ئەو زمانەی بووژاندبێتەوە و وەکوو جارانی لێ کردبێتەوە"[54].

ئەم قسەیەی دیاکۆنوڤ ڕاستییەکی تێدایە، ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە ئەوێستا ١٠٠ ساڵ بەر لە مادەکان واتا لە سەدەی هەشتەمی پ.ز نووسرابووبێت، بە پێی وتەکانی دیاکۆنوڤ لە پاش تێپەڕبوونی ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ، ئیتر ناکرێت و ناگونجێت کە کەسێک بتوانێ بەو شێوە زمانە دووبارە بینووسێتەوە، کە وابوو ئەو پێی وایە کە بەشە دێرینەکانی ئەوێستا هەر لە پێشدا وەک نووسراوە هەبووەن.

ئێستا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەی چۆن دەگونجێ کە کەسێک بتوانێت بە زمانی ١٣٠٠-١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر شیعر بێژێت، هەلومەرجی ئەو سەردەمە وێنا بکات و بە خەتی پەهلەویش بینووسێتەوە! ئەگەر شتێکی وا هەبێ ئەمە ئیتر موعجزەیە، بەڵام ڕاستییەکەی من بۆ خۆم باوەڕم بە موعجزە نییە.

---

[54] تاریخ ماد، تالیف ا.م. دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص ٦٧.

**پەیوەستنامە:**

## ژیان و چالاکییەکانی دوکتور سەعیدی کوردستانی



لەبەر ئەوەی ئەوە دوکتور سەعید بوو کە چەند نوسخەیەک لە ڕۆژنامەی "ڕۆژهەڵاتی نزیک" کە وێنەی ئەو "پێستەنووسە"ی وا هەڵبەستی هۆرمزگانی تێدا بوو لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ئێران و کوردستان و هەر ئەو بوو کە بە یارمەتی (ملک الشعرای بهار) هۆنراوەکەی وەرگێڕاندوەتەوە سەر فارسی و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بە "ساختەکار" تۆمەتبار کراوە، بۆیە پێویستە ئەگەر بە شێوەیەکی کورتیش بووە باسی ژیان و چالاکییەکانی بکرێت.

دوکتور موحەمەد سەعید کوردستانی کوڕی مەلا ڕەسول لە ساڵی ١٢٤٢ هەتاوی (١٨٦٣ز) لە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری سنە لە دایک بووە. سەعید ماوەیەک بە لای باوکییەوە لە مزگێتی (دارالاحسان)ی شاری سنە دەستی دایە خوێندنی زانستەکانی دینی بە هەر سێ زمانی فارسی و کوردی و عەرەبی. تەمەنی دە ساڵ بووە کە دایکی لەبەر نەخۆشی مالاڕیا دەمرێت، سیانزدە ساڵ تەمەنی دەبێت کە باوکیشی دەمرێت. پاش مردنی باوکی بە یارمەتی "عەبدولمؤمنی سێیەمی مەردۆخی" کە ئەو کات ئیمام جومعەی شاری سنە بووە، وەکوو ئیمامی جەماعەت و مامۆستای مزگەوتی دەباغان جێگای بابی خۆی دەگرێتەوە.

له پاش چەند ساڵان گـرۆیەک لە مسـیونرەکانی مەسـیحی دەچـنە شـاری سـنە و سـەعید وەک وەرگێڕ لەگەڵیان کار دەکات. لە پاییزی ١٨٧٩ز. کاتێ ١٧ ساڵی بـوو لەگەڵ قەشـەیەک بە نـاوی یۆحەنا ئاشنا دەبێت. سەعید یۆحەنا فێری فارسی دەکات و ئەویش تێ دەکۆشێ کە زمانەکـانی ئاشـووری و عێـبری فێـری سـەعید بکـات. لە سـاڵی ١٨٨٠ ئەو بە نهێنـی دەچێـتە سـەر ئـایینی مەسیحی. کاتێ ئەم نهێنییە ئاشکرا دەبێ لە لایەن خەڵکەوە تووشی گرفت و هەڕەشـەی مەرگ دەبێتەوە و ناچار دەبێ کە ماڵ و شاری خۆی بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ قەشـەیەکی کاتۆلیـک بە ناوی "جیمز هاکس" کۆچ دەکا بـۆ هەمەدان. لەوێـدا خـۆی فێـری زمـانی ئینگلیـزی دەکـات و لەگەڵ هاکس دەست دەکا بە نووسینی فەرهەنگێک. لە هاوینی ١٨٨٢دا دوکتور ئەلێکساندر و هاوژینەکەی لە ئامریکاوە دێن بۆ هەمەدان و نخۆشخانەیەک دادەمزرێنن و سەعیدش دەبێـتە وەرگێڕیان و لەم ڕێگایەوە لەگەڵ پزیشکیدا ئاشنایی پەیدا دەکات و دەبێـتە هـۆگری. لە سـاڵی ١٨٨٨دا لەگەڵ ڕبێکا کچی قەشە شەمعون ژیانی هاوسەری پێـک دێنـێ. لە دواییەکـانی سـاڵی ١٨٩١دا لە لایەن د. ئەلێکسـاندرەوە دەرفەتـی کـاری پزیشـکی پێـی دەدرێـت و لەمەولا وەک دوکتور سەعید خانی کوردسـتانی نـاو دەردەکـات. پـاش مـاوەیەک کـارکردن وەک پزیشـک بە فەرمـی دەبێـتە جێگـرەوەی دوکتـور ئەلێکسـاندر و ئەرکـی بەڕێـوەبەرایەتی خەسـتەخانەکە دەگرێتە ئەستۆ. لە پاش دوو ساڵان بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە دەدات بە دوکتـور هلمـز و خۆی لەگەڵ ڕبێکای خێزانی و کچەکەیان سارا و دوکتـور هـۆگبێرگی سـویدی لە سـاڵی ١٨٩٣دا ڕێگای سوید دەگرنە بەر. پاش چەند مانگێک مانەوە لە سوید ئەوەێ بەباش نازانێـت و بەجـێ دەهێڵێت و دەچێ بۆ لەندەن و لە زانکۆی پزیشـکیدا لە بەشـەکانی ئانـاتۆمی، میکروبناسـی و پزیشـکی چـاودا دەسـت دەکـا بە خوێنـدن. لە ١٨٩٥دا دەگەڕێـتەوە بـۆ هەمەدان. مـاوەیەک پزیشکی (عین الدوله) زاوای (مظفرالدین شاه) بووە و دەڵێن چەند جارێکیش بۆ دەرمانکردنی (مظفرالدین شاه) سەردانی کردووە.

جارێکی تر لە بەهاری ١٩٠٢ کوڕەکەی سامۆئێل بۆ خوێندن دەبـات بـۆ لەنـدەن، هاوکـات بـۆ خۆیشی لە لەندەندا دەسـت دەکـات بە خوێنـدن لە بەشـی پزیشـکی چـاودا و لە ١٩٠٤دا لەم بەشـــەدا بەڵگەنـــامەی بەرز وەردەگرێـــت و دەگەڕێـــتەوە بـــۆ تـــاران و هەتـــا ١٩٠٨ لەوێ دەمێنێتەوە. پاشان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و لەوێدا خەرێکی کاری پزیشکی و خوێندنەوە دەبێت. لەم ماوەیەدا چەند جارێک بۆ کاروباری پزیشکی و دەرمـانکردنی کەسـانی ناوداری کورد گەڕاوەتەوە کوردسـتان و نـاوچەی هەورامـان. لە یەکـێ لەم سـەفەرانەدا دەبێـتە میوانی شێخ عەلادینی نەقشبەندی و شێخ بـۆی دەگێـڕێتەوە کە یەکـێ لە دەروێشـەکانی سـێ

پارچە "پێستەنووسی" کۆنیان لە یەکێ لە ئەشکەوتەکانی ناوچەکە دۆزیوەتەوە. د. سەعید تکای لێ دەکا تا ئەگەر دەکرێت ئەو پێستە نووسانەی پێی بدەن هەتا بیانگەیێنێتە دەستی پسپۆران تا بەشکەم ئەوان بتوانن بیخوێننەوە. بەم جۆرە ئەو سێ پێستەنووسەی دەست کەوت کە دواجار لەگەڵ خۆی بردیانی بۆ لەندەن و لە ساڵی ١٩١٣دا توانی بیانگەیێنێتە دەستی پرۆفیسۆر "ادوارد براون".

ئەم "سێ پێستەنووسە" دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین ، یەکێ لەوانە کە بە خەتی ئارامی و بە زمانی کوردیی سەردەمی ئەشکانی نووسراوەتەوە دەگاتە دەستی کاولی (A.E. Cowley) کە پسپۆڕی خەت و زمانی ئارامی بووە. دووانەکەی دیکە کە بە خەتی و زمانی یۆنانی کۆن بوون دەگاتە دەستی پرۆفیسۆر مینس (E.H. Minns)، ئەویش لە ڕاپۆرتێکدا کە لەسەر ئەم پێستانەی نووسیوە دەڵێت کە ژمارەیان زۆر بووە بەڵام تەنیا سێ دانەیان کەوتووەتە دەستی سەعیدخان کە ئەویش لەگەڵ خۆی هێناویەتی بۆ لەندەن. مینس هەروەها دەنووسی کە چونکە ئەم پێستەنووسانە هین د. سەعید بوون، بۆیە بە تەمابوون کە بە جۆرێک قەرەبووی ئەم کارە مرۆڤانەیە بکەنەوە بەڵام د. سەعید ئامادە نەبووە کە هیچ پارەیەک وەربگرێ، هەر لەبەر ئەوەش مینس زۆر سپاس و ستایشی دەکات. د. سەعید بە نووسراوە مافی بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی سەر پێستەکان دەدات بە مینس و هەروەها مافی هەڵگرتنیشیان دەدات بە مۆزەخانەی لەندەن.

لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە ئێراندا ڕوویان دابوو و هاتنە سەرکاری حکومەتی ڕەزاخانی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٣٧ دوکتور سەعید دەستگیر دەکرێت و دەیخەنە زیندانەوە، کە بە هەوڵی کوڕەکەی ئەندازەیار ساموئێل سەعید و بە یارمەتی پرۆفیسۆر دوکتور کوشینگ و ڕۆزۆڵت سەرۆک کۆماری ئامریکا و هەروەها بە یارمەتی باڵوێزی ئینگلیس و ئامریکا لە پاش ٩٩ ڕۆژ لە زیندان ئازاد دەکرێت. لە پاش ئازادبوونی هەر لە تاراندا نیشتەجێ دەبێت. لە ساڵی ١٩٣٩دا ڕبێکای هاوسەری کۆچی دوایی دەکات و خۆی بە تەنیا دوور لە منداڵەکانی سارا، ساموئێل و لموئێل دەست دەدات بەکاری وەرگێران و نووسینەوەی ئینجیل بە شێوەی هەورامی لەژێر ناوی"مزگانی" و هەر لەو کاتەشدا فەرهەنگێک بە چوار شێوەزاری کوردی نووسیوەتەوە کە بەداخەوە هێشتا هەر لە چاپ نەدراوە. بەڵام کتێبی مزگانی لە ٥٨٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. د. سەعید لە کاتی مانەوەی خۆی لە تاران لەگەڵ شاعێران و نووسەرانی گەورەی ئەو سەردەمە وەک (ملک الشعرای بهار)، ڕەشیدی یاسەمی و هەروەها کەسانی دیکەی ئەندامانی جەرگەی دانێشوەری(جرگە دانشوری) دۆستایەتی دادەمزرێنێت. ئەو جارێکی تر لە

ساڵی ۱۹٤۱دا دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و سەرەنجام لە ساڵی ۱۹٤۲ و لە تەمەنی ۷۹ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و هەر لە هەمەداندا ئەسپەردە دەکرێت.

"(صدرالاشرف) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە یەکێ لە ڕووداوەکانی هەمەدان لە سەردەمی حکومەتی (سالار السلطنه) ئەمە بوو کە دوکتور سەعیدی کوردستانی کە یەکێ لە دوکتور هەرە باش و بەئەزموونەکان بوو لە هەمەداندا نیشتەجێ ببوو، ئەو لە لەندەن پزیشکی خوێندبوو و وایان دەگوت کە گوایی لە لەندەندا (غسل تعمید)ی کردووە و چووەتە سەر ئایینی مەسیحی. لەو کاتەدا کتێبگەلێکی زۆر لە دژی ئیسلام لە ئوروپاوە دەگەیشتە دەستی و ئەویش کتێبەکانی لە نێو جەوانەکاندا بڵاو دەکردەوە. حاج شێخ باقر هەمەدانی کە پێشتر باسیم کردووە، حوکمی (مهدورالدم)ی بۆ کوشتنی د. سەعید دەرکرد، ئینگلیسییەکان ئاگایان لێ بوو و دەوڵەتیان بۆ پاراستنی ئاگادار دەکردەوە. د. سەعید نەیتوانی لە هەمەداندا بمێنێتەوە بۆیە ناچاربوو بە شەو بڕوا بۆ "شورین" بۆ لای (امیرافخم)، ئەویش د. سەعیدی لەگەڵ یەک، دوو سواردا بەڕی کرد بۆ تاران کە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر هەر لە تاران دەمایەوە. پاشان گەڕایەوە بۆ هەمەدان و هەر لەویش مرد، (صدرالاشرف ۱۳٦٤: ۱٦۳-۱٦٤)."[55]

[55] شاهو عبدی (۲۰۱۸). هورمزگان ڕمان ئاتەران کوژان، هایا، وەرزنامەی فەرهەنگی، ژمارەی ۲۱و۲۲، ص ۳٦.

## سەرچاوەکان:


- ملک الشعرا بهار (١٣١٦)، شعر در ایران، مجله مهر شماره ٥.
- بهرام فرەوشی (١٣٨١)، فرهنگ فارسی به پهلوی، تهران، چاپ سوم.
- ا.پ. دیاکونوف (١٩٥٦)، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز (١٣٤٥)، تهران.
- رشید یاسمی (١٣١٨ )، کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، نشریات مجمع ناشر کتاب، شماره ٩.
- آرش اکبری مفاخر (١٣٨٩)، سرود ورمزگان، مجله مطالعاتی ایرانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه باهنر کرمان، سال نهم شمارەی هفدهم.
- حسن رضائی باغ بیدی (١٣٨١)، دستور زبان پارتی، چاپ اول، تهران.
- جاماسب آسانا (١٣٧١)، متون پهلوی، چاپ اول، چاپخانه نیلوفر.
- فریدون جنیدی (١٣٦٥) نامه پهلوانی، چاپ نخست، تهران.
- یحیی ماهیار نوابی (١٣٧٤)، یادگار زریران، ناشر اساطیر، چاپ اول.
- قاسم هاشمی نژاد (١٣٦٩)، کارنامەی اردشیر بابکان، تهران.
- محمد مردوخ کردستانی (١٣٥١)، تاریخ مردوخ، چاپ دوم.
- د. جمال رشید احمد (١٩٩٨)، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی کوردەواری، بەغداد.
- سدیق بۆرەکەیی (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم، هەولێر.
- شاهو عبدی (٢٠١٨)،هورمزگان ڕمان ئاتەران کوژان، هایا، وەرزنامەی فەرهەنگی، ژمارەی ٢١و٢٢.
- ئەیوب ڕۆستەم (٢٠٠٦)، یارسان، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی.
- دیوانی سەیدی (١٩٧١)، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی.
- فەرهەنگا کانی (٢٠٠٩)، جگەرسۆز، چاپی یەکەم، هەولێر.

- بێدار (٢٠١٠)، فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، هەولێر.
- ج. رسولی و د. کیدی الن (١٩٨٢)، شرح زندگی د. سعید کردستانی.
- مظهر ادوای (١٣٩٤)، دکتر سعید خان، اسطوره اخلاق پزشکی، فصلنامه تاریخ پزشکی، سال ٧، شماره ٢٢.
- شوێنەوارناسی - ئەشکەوتی هەزارمێردhazar merd Cave Cave of a... | Facebook

- http://persianacademy.ir/UserFiles/File/NF/24/NF-24-18.pdf
- Sanskrit - Dictionary (learnsanskrit.cc)
- Guru: English Translation of the Sanskrit word: Guru-- Sanskrit Dictionary
- Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html
- Çeko Kocada (2010). Ferheng, Kirmancki (zazaki)- Kurmanci, Berlin.
- Avesta Dictionary by K.E. Kanga. http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm